تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5880) چوارشەممە 27ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی
لە سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات

ڕۆژی دووشەممە 25ی11ی2019 سەرۆک مسعود بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەڵبژاردنی وەک سکرتێری حزب پیرۆزبایی لە بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا سکرتێری هەڵبژێردراوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.
هەر لەپەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا، سەرۆک بارزانی لە ڕێگەی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پیرۆزبایی ئاڕاستەی ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی دەیەمین کۆنگرەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.


نێچیرڤان بارزانی: سەرۆکایەتیی هەرێم، چەتری کۆکەرەوەی هەموو لایەکە
جەخت لە دروستکردنی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرایەوە





سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان چەتری کۆکەرەوەی هەموو لایەن و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت و لەگەڵ هەمووان بۆ یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەکارکردن لەپێناو دەستەبەرکردن و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان، کار دەکات.
دوێنێ سێشەممە 2019/11/26 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی بەڕێزان مستەفای سەید قادر و شێخ جەعفەر مستەفا جێگرانی سەرۆک، لە سلێمانی سەردانی هەریەکە لە مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد.
لە کۆبوونەوەکاندا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، ڕۆڵی هەردوولای لە پشتگیریی هەنگاوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ یەکڕیزی و تەبایی بە گرنگ و مایەی پێزانین هەڵسەنگاند و جەختی لە گرنگی و پێویستیی یەکهەڵوێستی و پێکەوەکارکردنی هەموو لایەنەکان کردەوە، بەتایبەتیش لە چۆنیەتیی مامەڵەکرن لەگەڵ دۆخ و پێشهاتەکان لە عێراق و ناوچەکە.
لای خۆیانەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانیش لەمبارەیەوە ستایشی ڕۆڵ و هەوڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان کرد و هەنگاوەکانی بەڕێزیان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان لەپێناو پتەوکردنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و تەبایی، بەرز نرخاند.
لە کۆبوونەوەکاندا وێڕای تاوتوێکردنی دۆخی عێراق و ناوچەکە و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە پتەوکردنی یەکڕیزی و تەبایی و هەوڵەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی یەکخستنەوەی پێشمەرگە، دروستکردنی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەختی لێکرایەوە.
پتەوکردنی هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی لایەنە کوردستانییەکان، هەوڵدان بۆ چارەسەری و گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق لەسەر بنەمای گەرەنتیکردنی ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستوور و هاوکاریی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و سەقامگیری و ئارامی لە عێراق، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکان بوو.
سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و شاندی یاوەری هەردوو خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا و مام جەلال تاڵەبانییان کرد و تاجەگوڵینەیان لەسەر گۆڕەکانیان دانا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەکات
ناجێگیریی بارودۆخی عێراق لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی عێراق و ناوچەکە نییە



دوێنێ سێشەممە 2019/11/26 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیفانی ئەلقاق بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کرد.
لە دیدارەکەدا کە جەمیس سۆرنتن کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر ئامادەیبوو،گفتوگۆ دەربارەی دواینێ گۆڕانکارییەکانی عێراق کرا. جەخت لەوە کرایە کە ناجێگیریی بارودۆخی عێراق لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی عێراق و ناوچەکە بە گشتی نییە.
دووپاتیش کرایەوە کە پێویستە دەرفەت بە سەرۆک وەزیرانی عێراق بدرێت بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییە ڕەواکانی خۆپێشاندەران و ئەنجامدانی چاکسازییەکان.
شاندی بەریتانی پشتیوانیی خۆیان بۆ چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەربڕی

هەڵمەتێکی نەمام چاندن لە هەولێر بەڕێوەدەچێت




(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

دڵشاد شەهاب:
سەرۆکی هەرێم لە داهاتوودا سەردانی هەموو لایەنەکان دەکات



ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئامانجی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ شاری سلێمانی یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانە. دوێنێ سێشەممە دڵشاد شەهاب لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ئامانجی سەردانەکەی شاندی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ لای لایەنە سیاسییەکان لە سلێمانی خستەڕوو

گوتەبێژی حکوومەت:
بەم زووانە پۆستی بریکاری وەزارەتەکان یەکلا دەکرێتەوە



دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و ڕێککەوتنی لایەنەکان، تاوەکو ئێستا بریکاری وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانەندراون، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت، بە زووترین کات ئەم پۆستانە یەکلا دەکرێنەوە.

فەرمانێکی بەجێ

سەلام عەبدوڵلا

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی دواکەوتنی دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی دراون، دەگەڕێتەوە بۆ هەیمەنەتی حزبی لەنێو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کە لەمپەری جەوهەریی بووە لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدا و دروستکردنی سوپایەکی نیشتمانی کە بڕیار و فەرمان تەنیا لەو حکوومەتەوە وەربگرێ، چونکە لەو حزبەوە، هەروەک فاکتەرێکی کاریگەریش بووە لە ململانێی حزبیدا کە زۆرجار گۆڕاوە بۆ شەڕی یەکدی یان بەواتایەکی دروستتر، شەڕی خۆکوژی کە هەم پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی ئیفلیج دەکرد و هەم ئابڕووی نەتەوەکەشمانی لە بەرامبەر جیهان لەکەدار دەکرد، چونکە زۆر سەخت بوو بۆ جیهانی دەرەوە لەو شەڕە بێ مانایە بگات، بەتایبەتی لە گەلێک، کە دووچاری قڕکردن و ئەنفال و کیمیاباران کرابوو.
بۆیە ئەو بڕیارەی وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٥ بۆ ئەمیندارێتی گشتی (ئەلف/٧/١٨١١٢) سەبارەت بە قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان نێردرابوو، کە بریتی بوو لە چوار خاڵ زۆر لەجێی خۆی و مایەی دەستخۆشییە، چونکە ئەمە درزی ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە کە هەمیشەو بە ئاسانی دەبووە هۆی لێکترازانی هێزی پێشمەرگە و ناسەقامگیری وەزعی سیاسی و دڵەڕاوکێی هاووڵاتیانی کوردستان و خۆشحاڵی نەیاران و دوژمنانی گەلەکەمان لەهەرێمی کوردستاندا .
گەر ئەم خاڵانەی دەستنیشان کراون لەو فەرمانەدا وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەنگاوێکی گەلێک ئەرێنی دەبێت لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی یەکجارەکی هێزی پێشمەرگەدا- بەکردار-دەگیرێت و سەرەتای دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانیش بۆ هەرێم دەستەبەردەکات، ئیدی ئەوسا خەڵکانی تریش نەک تەنیا کەسانی حزبی، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن لەو سوپا نیشتمانییەدا بەشداربن و توانا و وزەیان بخەنەگەڕ، چونکە مەرج نییە هەموو ئەوانەی لەلایەن حزبەکانەوە دەستنیشان دەکران خەڵکانی لێوەشاوە و بەتوانابن، بەڵکو پێوەر تەنیا حزبی بوونیان بوو کە ئەویش بەتەنیا بڕیارێکی دروست نەبوو.
ئێستا ئیدی دوای ئەم فەرمانە کە پێویستە سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی هەرێم پشتیوانییەکی زۆر بەهێزی بکەن کە دڵنیاین دەیکەن، دەبێ حزبەکانیش، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی بەهەموو توانایەکیانەوە پشتگیری لەو فەرمانە بکەن و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن.
گەر سوپا و هێزی پێشمەرگە لەسەر ئەو بنەمایە دروستبێت کە ئینتیمای بۆ نیشتمان پێش حزب دەبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێین کە دەرگای ئاسۆیەکی گەش بەڕووی داهاتووی ئەم هەرێمە کۆڵنەدەرە والا دەکات، کە مایەی دەستخۆشی هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەبێت.



دوێنێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری سەردانی گۆڕی خوالێخۆشبوو مام جەلال تاڵەبانییان کرد و تاجەگوڵێنەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا.



دوێنێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری سەردانی گۆڕی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفایان کرد و تاجەگوڵێنەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا.

عارف ڕۆشدی: پارتی هەمیشە دەستپێشخەر بووە بۆ یەکڕیزی



دوای هەر پێشهاتێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، لایەنە سیاسییەکان کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان دەکەن، ڕاوێژکارێکی مەکتەبی سیاسی پارتیش دەڵێ، پارتی هەمیشە دەستپێشخەر بووە بۆ نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تا لە بەغدا و لەسەر هەر بابەتێکی تر، یەکدەنگ و یەکگوتار بن و بە یەک تیم کار بکەن. دوێنێ سێشەممە 2019/11/26 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ جێگرەکانی (مستەفا سەید قادر و جەعفەر شێخ مستەفا)، سەردانی سلێمانیی کرد، لە سەردانەکەشیدا لەگەڵ هەردوو لایەنی سیاسی، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کۆبۆوە. پەیوەست بەم سەردانە، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، عارف ڕۆشدی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: پارتی هەمیشە دەستپێشخەر بووە بۆ یەکڕیزی و نزیکبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها نێچیرڤان بارزانیش هەمیشە لە خەمی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانە، لە چوارچێوەی بەرنامە گشتگیرەکەی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو کار و سەردانانە دەکرێت، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا گشت هێزە سیاسییەکانی بانگێشت کردبوو و کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام درا بۆ ئەوەی سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکە لێکتێگەیشتنی باشیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت و لە ڕادەبڕیندا یەکگوتارین، هەروەها سەردان و گفتوگۆ بکەن و هەوڵ بدەن یەکڕیزییەکی سیاسیی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دروست بکەن.

ڕۆشدی، گوتیشی: بەشێک لە بەرنامەی کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەیە، کە هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا سەر بگرێت، بۆ ئەوەی هێزە کوردستانییەکان لە بەغدا بەیەکەوە وەک یەک تیم کار بکەن و بەرانبەر هەر هەنگاوێکی نەرێنی دەرحەق بە مافەکانی کوردستان، سەنگەر بگرن، بە هەمان شێوە، سەردانیکردنی سەرۆکی هەرێم بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بۆ پتەوکردنی پەیوندییەکانە و، جەختیش لەسەر ئەو بەرنامانە دەکەن کە لە کۆبوونەوەی ڕابردوودا پلانیان بۆ دانرابوو، جگە لەوەش باس لە ڕووداوەکانی دوای کۆبوونەوەی ڕابردوو دەکرێت، چونکە چەند شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان کردبوو بۆ مەبەستی ڕێککەوتن لەبارەی نەوت و بودجە و پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێم، بۆ ئەوەی لەمەودوا بە یەک تیم کار بکرێت.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی بەریتانی کۆبووەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بەڕەوپێشچوونی پەیوەندییەکان و دیالۆگی چارەسەری کێشەکانی هەولێر ـ بەغدای بە ئەرێنی لە قەڵەم دا و خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی یەکجاریی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق دووپات کردەوە.

دوێنێ سێشەممە 2019/11/26 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خاتوو ستیفانی ئەلقاق بەڕێوەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، هەموو ئامادەییەکی هەرێمی کوردستانی بۆ ئارامی و سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراق دەربڕی، هەروەها ڕوونیکردەوە کە عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستییان بە پشتگیری و هاوکاریی بەریتانیا هەیە بەتایبەتی لە بوارەکانی چاکسازی، بانکداری و تەکنیکیدا.

لای خۆیەوە خاتوو ئەلقاق، جەختی لە خواستی بەریتانیا بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کورستان و عێراق کردەوە و پێگەی هەرێمی کوردستانی بۆ بەریتانیا و ناوچەکە بە گرنگ لە قەڵەم دا، هەروەها پشتگیری و خۆشحاڵیی وڵاتەکەی بە باشبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان نیشان دا.

دواییین پێشهاتەکانی ناوچەکە، مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبونەوەی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا
هێمن هەورامی بەشداری لە دیداری سالانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە کرد



سەرلەبەیانی دوێنێ سێشەممە 2019/11/26 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بانگهێشتی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بەشداری لە دیداری سالانەی سیاسەتی دەرەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا کرد.

لەو دیدارە کە وەزیرانی دەرەوەی ئەڵمانیا و نەرویج و نوێنەرانی ژمارەیەک لە وڵاتان و پەرلەمانەکانیان و باڵوێز و پسپۆرانی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی دەرەوە تێیدا بەشدار بوون، ئێوارەی ڕۆژی 2019/11/25 لە پەراوێزی دیدارەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەشداری لە ئێوارە خوانێکدا کرد کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ شانەکانی وڵاتان سازکرابوو، هاوکات لەگەڵ ژمارەیەک باڵیۆز و دیپلۆماتانی وڵاتان و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کۆمەڵێک دیداریان ئەنجامدا و بە گشتی باسیان لە سیاسەت و دۆخی ئێستای ناوچەکە و هەرێمی کوردستان کرد و پەیوەندییەکانی ئێستای لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا خستەڕوو کە لە ئێستا دا هەنگاوی باشیان بڕیوە و لە ڕێککەوتنی کۆتایی نزیکبوونەتەوە، لە تەوەرێکی تردا باسی لەو ئاوارانە کرد کە وەکو پەناگەیەکی ئارام ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام بارگرانی دارایییان بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، هەروەها پێویستیی هەرێمی کوردستانی بۆ هاوکاریکردنیان لەلایەن وڵاتانی دەرەوە نیشاندا. هەر لە دیدارەکاندا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە وردی باسی لە مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی گرووپی تیرۆریستی داعش کرد کە لە ئێستادا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ناوچەکە و تەواوی جیهان و پێویستە ڕێگری لە تەشەنەکردنیان بگیرێت.

بەڵجیکا.. دلاوەر ئاژگەیی لەگەڵ بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا کۆبووەوە
داوای هاوکاریکردنی پەنابەران لە ئەورووپا دەکات



د. دلاوەر خالید ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ بەرپرسانی گابریەل مونوئێرا، بەرپرسی دیسکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و کەنداو و هەروەها تاین قان وینسن، بەرپرسی دیسکی عێراق لە ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکە، د. دلاوەر ئاژگەیی بە وردی تێڕوانین و هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو سەبارەت بە دواییین پێشهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی، لەناویاندا پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، پرسی خۆپیشاندەران لە عێراق و ئەو بارودۆخەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دروستبووە بەهۆی شەڕو پێکدادانەکان و قەیرانەکانی پرسی مرۆیی و پەنابەران لە هەرێم.

د. دلاوەر ئاژگەیی دیدی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ شیکردنەوە سەبارەت بەو بارودۆخە سیاسیەی کە ئێستا لە چەند پارێزگایەکی عێراق دروستبووە کە بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەی چەندین ساڵی ڕابردوو و جێبەجێنەکردنی دەستوورەوە سەریهەڵداوە، پێی ڕاگەیاندن کەوا حکوومەتی هەرێم پالپشتی لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکات کە ئەمەش دەکرێت بە چەند قۆناغێکی جیاجیا کاری لەسەر بکرێت.

چەند پرسێکی گرنگی تریش لە کۆبوونەوەکە گفتوگۆی لەبارەیەوە کرا ئەویش پرسی بودجە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها ئاسایی‌کردنەوەی ناوچە دابڕێندراوەکان و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە لە پێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و بارودۆخی ئاوارەو پەنابەران. لەم بارەوەش پەیام و دیدگای حکوومەتی هەرێمی گەیاندە بەرپرسانی یەکێتی ئەورووپا.

هاوکات داوا کرا کە ئۆرگانە پەیوەندیدارەکانی یەکێتی ئەورووپا هاوکاری بنەڕەتی بگەیەنن بە ئاوارەو پەنابەرانی هەرێم و بەشداربن لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان لەگەڵ ئاسانکاری پێویست بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

لە بەشێکی تریشدا، داوای زیندوو کردنەوەی لیژنە تایبەتیەکانی نێوان یەکێتی ئەورووپا و عێراق کرا بە بەشداری نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم لیژنەو کۆمیتەکانی نێوان هەردوولا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لە یەکڕیزی و تەبایی دەکاتەوە

نێچیرڤان بارزانی: ئەوڵەویەتی یەکەممان ئەوەیە پێکەوە هاوپەیمانییەکی کوردستانی لە بەغدا دروست بکەین



دوای کۆبوونەوەی دوێنێ سێشەممە 2019/11/26ی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان‌دا ئامانجی سەردانەکەی بۆ سلێمانی خستەڕوو. بەڕێزیان ڕایگەیاند "لەگەڵ هەردوو جێگرانی سەرۆکی هەرێم هاتووین بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو پەیامە، کە پێویستە هەموو لایەکمان پێکەوە کار بکەین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراق."

دەربارەی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانی بەڕێزیان گوتی: "کۆبوونەوەکانمان دوای ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە لە سەرۆکایەتیی هەرێم کردمان، بڕیاری ئەوەمان دا لەگەڵ هەردوو جێگرانی بەڕێز سەردانی ئەو حزبانە بکەین، ئەمڕۆ ئێمە سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانمان کرد، سەردانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان کرد، سەردانی لایەنەکانی دیکەش دەکەین. ئەوڵەویەتی یەکەمی ئێمە ئێستا ئەوەیە کۆدەنگی دروست بکەین لە بەغدا و پێکەوە هاوپەیمانییەکی کوردستانی دروست بکەین، چونکە ئەگەر هەر لایەنێک تەنیا بۆ خۆی کار بکات، پارتی بە جیا، گۆڕان، یەکێتی و لایەنەکانی تر بە جیا، هەموومان پێکەوە دەبین، دەبینین ژمارەیەکی باشمان لە پەرلەمانی عێراق هەیە. ئێستا ئەوڵەویەتی ئێمە ئەوەیە لە سەرۆکایەتیی هەرێم، بتوانین ئەو هاوپەیمانییە دروست بکەین لە بەغدا."

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئاشکرای کرد: "پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا پەیوەندییەکی باشە، ئێوە ئاگادارن شاندی هەرێمی کوردستان دووجار سەردانی بەغدای کردووە و هەفتەی داهاتوو جارێکی تر سەردانی بەغدا دەکەن. مەبەستەکە ئەوەیە بگەین بە ڕێککەوتنێک لەسەر نەوت و مەسەلەی بودجەی عێراق. بۆ ئەو مەبەستەش لە هەفتەی داهاتوودا دیسانەوە شاندی هەرێم دەچێتەوە بەغدا و تائێستا کۆبوونەوەکان بە باشی بەڕێوە چوون و ئومێدی ئەوە هەیە بتوانین ئەنجامێک لەو گفتوگۆیانە بەدەست بێنین کە ئێستا لەگەڵ بەغدا هەمانە. لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە بەردەوامین لەگەڵ بەغدا بۆ یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی لەم قۆناغە سەختەی عێراق بە شێوەیەکی گشتی تێپەڕێنێت و کاریگەری لەسەر وەزعی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش هەیە، پەیامەکەی ئێمە ئەوەیە کە یارمەتیدەر بین بۆ دەرچوونی عێراق لەو دۆخە."

دەربارەی ئەگەری کۆتاییهاتنی قەیرانەکان لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە: "خەڵکی کوردستان لەم چوار پێنج ساڵەدا زۆر بەرگەی گرتووە. چەند جارێک گوتوومە و ئێستاش بە دەرفەتی دەزانم دووبارەی بکەمەوە، ئەگەر تێگەیشتنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان نەبووایە، دۆخی هەرێم بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە بەڕێوە نەدەچوو. یەکەم شت سوپاسیان دەکەین، هەولێی هەموو لایەکمان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەت، جێگری سەرۆکی حکوومەت، بەندە، هەر هەموومان ئەوەیە بتوانین لەم دۆخەی هەیە دەربچین، بەو هیوایەی بتوانین ئایندەیەکی گەشتر دەستەبەر بکەین بۆ خەڵک و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان. گەشبینم بەوەی لە ئەنجامی بەرگەگرتنی ئەو خەڵکە و تێگەیشتنیان، هیوادارم کە ئاسۆیەکی باش چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات."

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی لەسەر هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق خستەڕوو و ڕایگەیاند: "هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموارکردنەوەی دەستوور ئەوەیە هەر هەموارکردنێکی دەستوور کە بیێتە هۆی باشترکردنی دۆخی هاوڵاتیانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی، هەرێمی کوردستان ئامادەیە قسەی لەسەر بکات. ئێمە ئامادەین و دەمانەوێ، چ ماددەیەکی دەستووری ڕێگرە لەوەی کە خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیانی عێراق دابین بکرێت؟! بە شێوەیەکی گشتی، ئێمە ئامادەین هەر ماددەیەکی دەستووری کە بیێتە هۆی ئەوەی بارودۆخی هاوڵاتیانی عێراق بەرەو باشتر بڕوات، بێگومان هەرێمی کوردستان بەشداری دەکات و هاوکاریش دەبێت بۆ هەموارکردنەوەی."

سەبارەت بە بوونی پرۆژەیەک بۆ باشتربوونی بارودۆخی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزیان گوتی: "ئەو شتانەی ئێستا حکوومەتی هەرێم دەیکات و بەو هاتووچۆیانەی ئێستا بۆ بەغدا دەیکەین، هەموویان لەپێناوی ئەوەیە دۆخی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەرەو باشتر بەرن. ئەوەی عێراق جیاوازە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، گەلی عێراق شایستەی ژیانێکی باشترە، شایستەی خزمەتگوزارییەکی باشترە، ئەم خۆپیشاندانانەش کە ئێستا لە عێراق دەکرێت، ناتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئێمە منەتێک ناکەین، هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان شایستەی ئەوەن کە دۆخیان لەوەی ئێستا هەیە باشتر بکرێت. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵ دەدات ئەوەی لە دەستی بێت بۆ باشترکردنی بارودۆخی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بیکات. ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەستی پێکردووە لە نارەزایی شاند بۆ بەغدا، هەمووی لەو چوارچێوەدایە."

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە: "ئێستا شاندی هەرێمی کوردستان لە بەغدایە و چوونیان بۆ بەغدا بۆ ئەوەیە بگەن بە ئەنجامێک لەو گفتوگۆیانە. لەسەر نەوت گفتوگۆ کراوە، هەفتەی داهاتوو لەسەر مەسەلەی بودجەش قسە دەکرێت و ئێمە گەشبینین بەوەی بگەین بە ئەنجام."

سەبارەت بە ئەگەری لادانی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە پۆستەکەی، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی: "مەسەلە گۆڕین نییە، هەر هەنگاوێک لە بەرژەوەندیی عێراقدا بێت، ئێمە لەگەڵیداین، بەڵام پێمان وانییە بە گۆڕینی کەسێک دۆخەکە چارەسەر بکرێت. ئەگەر لێکی بدەینەوە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی یەک سالە بووەتە سەرۆک وەزیران، ئەم کێشانەی ئێستا لە عێراق هەیە، کێشەکانی پێشترن و هی یەک ساڵ نین، ئەمە بە یەک کەسیش چارەسەر ناکرێت، ئەمە دەبێ کۆدەنگییەکی تەواو لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا هەبێ، ئێمەش وەکوو بەشێک، ئەوەی لە ئەستۆی هەرێمە بە سەردانی چەند جارم بۆ بەغدا و دانیشتنم لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان لە عێراق، دووپاتی ئەوەم کردووەتەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەی هاوکارییە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات عێراق لەم کێشەیەی ئێستا تێیکەوتووە دەربچێت."

دەربارەی ڕێککەوتننامەی پێشمەرگە، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: "یەکێک لەو کارانەی دەستمان پێکردووە مەسەلەی ڕێککەوتننامەی پێشمەرگەیە. هەردوو جێگرانی سەرۆکی هەرێم بەڕێزان مستەفای سەید قادر و شێخ جەعفەر مستەفا زۆر بە جددی خەریکن کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، تا ئێستا کۆمەڵێک کۆبوونەوەی باشیان کردووە، کۆبوونەوەکان بەردەوامە، لەگەڵ هاوپەیمانانیش کۆبوونەوە هەیە کە ئێستا یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەو ڕیفۆرمە لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت، ئێمە بە جددی خەریکی ئەو دۆسیەیەین و هیوادارین بگاتە ئەنجامێکی باش."

دەربارەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا، بەڕێزیان ڕوونی کردەوە: "عێراق هیچ کات لەسەدا حەفدەی بودجەی هەرێمی کوردستانی نەداوە، لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ لەسەدا یازدەی ناردبێت و کەمتریش، لەبەر ئەوە، ئەوەی ئێستا باسی دەکەین، سیستمی فیدراڵیی هەموو جیهان بە شێوەیەکە لە ناوەندەوە پارە بدرێت بە هەرێمەکان کە (مینحە) یە. ئەگەر ئێمە بتوانین لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوین لەسەر ژمارەیەک، وەک ئەوەی ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەوڵی بۆ دەدەین، باشترین چارەسەرە."

پرسی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دوایین بەشی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو و بەڕێزیان لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: "لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان قسەمان کردووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دەکەین و باسی چۆنیەتیی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەین."

دڵشاد شەهاب: سەرۆکی هەرێم لە داهاتوودا سەردانی هەموو لایەنەکان دەکات



ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئامانجی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ شاری سلێمانی یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانە.

دوێنێ سێشەممە 2019/11/26 دڵشاد شەهاب لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ئامانجی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ لای لایەنە سیاسییەکان لە سلێمانی خستەڕوو و گوتی: سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی یەکخستن، یەکریزی و یەکگوتاری نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە بەرامبەر ئەو ڕەوشەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش عێراق پێدا تێپەڕدەبن، هەمان مەبەست لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان ڕێکخستبوو کە بەخۆشحاڵییەوە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان تیایدا بەشداربیان کرد، سەردانەکەی ئەمڕۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و شاندی یاوەری بۆ لای لایەنە سیاسییەکان لە سلێمانی هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دراوە.

ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتیشی: لە کۆبوونەوەکەدا، هەنگاوی باش نراون و بڕیاری باشیش دەرکراون کە جێگەی چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان بێت بە تایبەتیش لەو ڕوشەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش عێراق پێدا تێپەڕدەبن، هەموو خەڵکی کوردستان بە تێکڕا چاوەڕوانی یەکگوتاری لە لایەنە سیاسییەکان دەکەن و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش دەستی داوەتە ئەو ئەرکە و خۆشبەختانە وەڵامێکی باش لە لایەن سەرجەم لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی ئەم پڕۆسەیە بەردەوامیان هەبێت و ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جێگرەکانی و شاندی یاوەری سەردانی بۆ لای لایەنە سیاسییەکان لە سلێمانی دەستپێکرد بۆ ئەوەی یەکەم هەم سوپاسیان بکات بۆ ئەو هەوڵانەی کە بۆ یەکخستنەوەی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان دەیدەن و هەم گفتوگۆیانە.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکانی شاندی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جێگرەکانی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دڵشاد شەهاب گوتی: خۆشبەختانە، قسەکانی هەردوو لایەنی سەرەکی بەشدار لە حکومڕانی کوردستان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کە لە کۆبوونەوەکاندا باس کران، قسەی دڵخۆشکەرن و هەموویان لەگەڵ ئەوەدان کە توانای یەکبخرێن و هەمووان پاڵپشتی پرۆسەی بەڕێوەچوونی پەیوەندی باشی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بین بۆ ئەوەی ئامانجی سەرەکی یەکگوتاری هەرێمی کوردستان بێت، هەروەها بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان بێت و پاریزگاریکردن بێت لەسەر ئەو ماف و دەستکەوتانەی چی لە شایستەکانی هەرێم لە ڕووی دارایی و بوودجە کە ئێستا لە حکومەتی ناوەندی کار بۆ ئامادەکردنی بووجەی ساڵی 2020 دەکرێت و چی لەو هەنگاوە سیاسیانەی کە دەنرێن بۆ ئامادەکاری بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری فیدرالی عێراق.

ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان تیشکی خستەسەر ئەوەش کە "سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە سەرەکییانە کۆکن و سەرۆکایەتی هەرێمیش وەک چەتری کۆکەرەوەی سەرجەم لایەنەکان وەک گەورەترین دامەزراوەی نیشتمانی و باڵاترین دەسەڵاتی بەڕێوبردن لە هەرێمی کوردستان بەم ئەرکە هەڵدەستێت و ئەم ئیرادەیە بەجددی لە سەرۆکایەتی بەرجەستەیە و پشتیوانی لایەنەکانیشی هەیە، بۆیە جێگەی دڵخۆشییە کە کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆ بەم ئاراستەیە زۆر سەرکەوتوبوون و چاوەڕوان دەکرێت ئەم سەردانانە بەردەوام بن و هەر بۆ هەمان مەبەست سەردانی لایەنەکانی تریش دەکرێت.




گوتەبێژی حکوومەت:

بەم زووانە پۆستی بریکاری وەزارەتەکان یەکلا دەکرێتەوە

دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و ڕێککەوتنی لایەنەکان، تاوەکو ئێستا بریکاری وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانەندراون، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت، بە زووترین کات ئەم پۆستانە یەکلا دەکرێنەوە. دکتۆر جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە، کە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەم کابینەیە، ئەوەیە کە کاروبار و ئەدای حکوومەت باشتر بێت و خزمەتی هاوڵاتیان لە هەموو سێکتەرەکان بکات. پەیوەست بە بەرکەوتەی لایەنەکانیش بۆ پۆستی بریکاری وەزارەتەکان، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، بەشێک لە لایەنەکان کاندیدی خۆیان بۆ پۆستی بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە و بەم زووانەش ئەم پۆستانە یەکلا دەکرێنەوە.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
چوار شەممە 2019/11/27 ژمارە (5880)
www.xebat.net
خەبات



سیامەند سێلکی

نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی

نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانیش وەکو سەرۆکی حکوومەت ،لەژێر ڕۆشنایی فەرمان و ڕاسپاردەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی، لەم قۆناغە هەستیار و دژوارەدا، بۆ تێپەڕاندنی ئەو سەختی و نەهامەتیانەی کە بەهۆی کۆمەڵێک قەیرانەوە بەرۆکی کوردیان گرتبوو، وەکو یەک تیم و بەوپەڕی دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتمانی، ملیان دایە بەر بەرپرسیارێتی.

لەم ماوە کورتەی تەمەنی کابینەی نۆی حکوومەت کە کەمتر لەپێنج مانگ، سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و کۆسپانەی کە لەلایەن دوژمنان و ناحەزانەوە بۆیان دروستکراوە، توانیویانە تا ڕادەیەکی بەرچاو شێوازی حوکمڕانی کوردستان بەرەو ئاراستەیەکی تەندروستتر و باشتر ببەن. هەروەها هەنگاوی باش و کرداری بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و سەروەرکردنی یاساو بەدامەزراوەکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت نراوە. بەشێکی زۆریش لەگەندەڵکاران و پێشێلکارانی یاسا خراونەتە زیندانەکانەوە چاوەڕوانی سزای یاسایین.

کارکردن لەم بارەوە مەودایەکی هێندە باشی بڕیوە کە دەتوانین بێژین گەندەڵی وەستێنراوەو سەروەربوونی یاساش ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتووە. هەروەها لەبواری ئاوەدانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریش، بەڕوونی هەست بەوە دەکرێت کە لە هەموو سێکتەرەکاندا بزاوتێکی سەرتاسەری دەستپێکردووەو کار بۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هاوواڵتیان و تەواوکردنی ئەو پرۆژە ستراتیژیانە دەکرێت کە بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی برسیکردن لەلایەن بەغداوە دژی کوردستانیان وەستێنرا بوون. دیسان لەسەر ئاستی هەردوو بواری سیاسی و ئەمنیشدا، کوردستان لەوپەڕی ئیستیقرار و ئارامی دایە ، بێ گومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شەڕو ئاڵۆزیانەی لە دەوروبەری کوردستاندان هەن، ئەم ئارامی و ئیستیقرارەی لە کوردستان هەیە دەسکەوتێکی مەزن و گرنگە ، تۆمارکردن و گارانتی کردنی ئەم دەسکەوتەش، تاڵی و زەحمەتییەکی زۆری بۆ کێشراوەو ، بەرهەمی سیاسەتێکی حەکیمانەو بەرنامەو پلانێکی تۆکمەو ژیرانەیە کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی نەخشەی بۆ داڕێژراوەو کاری لەسەر کراوە.

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداو چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت لەڕێی پیادەکردنی سیاسەتێکی واقیعیانەو، لەسەر بنەمای گەرانتیکردنی ماف و داخوازییە دەستووریەکانی کورد لەیاسای بودجەی عێراق و کارنامەی حکوومەتی عێراقدا کاریان کردووە، لەم بارەوە قۆناغێکی باشیان بڕیوەو سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا چاوەڕوان دەکرێت لەچەند ڕۆژی داهاتوودا، ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ و کۆنکریتکراو لەنێوان هەولێرو بەغدا ئەنجام بدرێت. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکەش توانراوە پەرە بەپەیوەندییەکانی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکەو جیهان بدرێت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بەهێزکردنی پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهاندا دروست کردووە. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەبوو کە لەدوای هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، سیاسەتێکی ژیرانەو واقیعیانەیان بەرێوەبردو ،لەزۆر ڕووەوە کاری باشیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کرد، وەکو سنوردارکردنی هێرشی تورکیاو گەیاندنی هاوکاری بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و...هتد.

ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەو خەڵک و لایەنانەی کەپێشتر لەسەر ئەم هەموو پرسانە ڕەخنەیان لەپارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگرت و بە کەمتەرخەم وەسفیان دەکردن! لەئاست ئەم پێشکەوتن و سەرکەوتنانەی بەدەستهاتوون نیگەرانن و پێیان هەزم ناکرێت! بۆیە بە عەقلیەت و بیرکردنەوەیەکی ناتەندروست و پڕ لە رق و کینە سەردەری دەکەن و هەوڵ دەدەن بە هۆنینەوەی کۆمەڵێک درۆ و بوختان ڕاستییەکان لای شەقامی کوردستانی بشێوێنن، ئامانجیش لەمەدا ئەوەیە ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدەستهاتوون لای خەڵک کەمڕەنگ و بێبایەخ بکەن، بەڵام پێشکەوتنەکان لەسەر ئەرزی واقیع هێندە ڕوون و دیار و کاریگەرن، کەس ناتوانێت نکۆڵیان لێ بکات، بۆیە ئەوانەی لەڕێگای هۆنینەوەی درۆ و بوختانی ناڕەوا هەوڵی بەلاڕێدا بردنی خەڵک دەدەن جگە لە شەرمەزاری هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە .

عێراق.. دەستگیرکردنی دوو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بەتۆمەتی گەندەڵی

دەستەی دەستپاکی ڕایگەیاند کە هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران سادق مەدلوول سولْتان و ئەحمەد جبوری بەتۆمەتی تێوەگلان لە گەندەڵی دەستگیرکراون. لە ڕاگەیەندراوێکی دەستەی دەستپاکیدا هاتووە: لەسەر فەرمانی دادگای ناوەندی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و پارێزگاری پێشووی بابل، سادق مەدلوول سولْتان و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و پارێزگاری پێشووی سەلاحەددین، ئەحمەد جبوری دەستگیرکراون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە سادق مەدلوول سولْتان بەتۆمەتی ئەوەی لە گرێبەستێکی تایبەت بە هاوردەکردنی بڕێکی زۆری چیمەنتۆ بەبێ ئەوەی گومرگ بکرێن کاتێک پارێزگاری بابل بوو سەرپێچی کردووە، دەستگیرکراوە. باس لەوەیشکراوە کە ئەحمەد جبوری ناسراو بە ئەبو مازن بەتۆمەتی ئەوەی لە گرێبەستێکی تایبەت بە بنیاتنانی بەشێکی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی زانکۆی تکریت کاتێک پارێزگاری سەلاحەددین بوو سەرپێچی کردووە، دەستگیرکراوە. جێی باسە لە 29ی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا، ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاریدابوو هەر کاتێک ئەنجوومەنی بالای دادوەریی دۆسیەی ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کە تۆمەتبارن بەتێوەگلان لە گەندەڵی ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات، پارێزبەندی لەسەر ئەو ئەندامانە هەڵدەگرێت. ئەنجوومەنی بالای دادوەریی لە عێراق ژمارەیەک فەرمانی تایبەت بە دەستگیرکردن، لێپرسینەوە و قەدەغەی گەشتکردن بۆ ئەو بەرپرسانە دەرکردووە کە تۆمەتبارن بەتێوەگلان لە گەندەڵی.

عێراق.. خۆپیشاندەرێک کوژراو 25ی دیکەش بریندار بوون

خۆپیشاندەران بە بەرد و شوشەی ئاگرین ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان بوونەوە



دوێنێ سێشەممە، لە ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە ناوەڕاستی بەغدای پایتەخت، خۆپیشاندەرێک کوژرا و 25ی تریش بریندار بوون. لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند:ئەو خۆپیشاندەرە بە فیشەکی پلاستیکی هێزە ئەمنییەکان لە نزیک پردی ئەحرار لە بەغدا کوژراوە، هەروەها 25بریندارەکەی تریش بەهۆی فیشەکی پلاستیکی و گازی فرمێسکڕێژەوە لەهەمان ناوچە بریندار بوون.

لەلای خۆیانەوە ژمارەیەک شاهێدحاڵ ڕایانگەیاند کە هەوڵی بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و پێکدادانی پچڕپچڕ لە دەوروبەری پردی ئەحرار بەردەوامی هەیە. لەبەرامبەردا خۆپیشاندەران بە بەرد و شوشەی ئاگرین ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان دەبنەوە.

هەروەها دوێنێ بەیانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی بەغدا لە ڕاگەیەندراوێکدا بلاویکردەوە کە تیمەکانیان لە میانی هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرێک کە لە ناوچەی حافز قازی و شەقامی ڕەشید ناوەڕاستی بەغدا کەوتبوویەوە بە بۆمب هێرشیانکراوەتە سەر و خراوەتەڕوو کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی کەربەلادا، ژمارەیەک کەسی تێکدەر بەشێکی بانکی بەغدا کە بانکێکی کەرتی تایبەتە سووتاندووە بۆ ئەوەی کەلوپەلی نێو بانکەکە بدزن، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکراوە.

ماوەی چەند هەفتەیەکە، بەهۆی هەوڵی خۆپیشاندەران بۆ کۆنترۆڵکردنی پردی ئەحرار لە ناوەڕاستی بەغدا کە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە و بەرەو ناوچەی سەوز دەڕوات، ئەو ناوچەیە بووەتە گۆڕەپانی مللانێ و پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان. بەگوێرەی ئامارەکانیش، لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە لەسەرەتای مانگی ڕابردوو، تائێستا 346 کەس کوژراون و 15 هەزار کەسی تریش بریندار بوون.

بەهۆیەوە ئەفسەرێک و 10 کارمەندی بەرگری شارستانی برینداربوون، بێ ئەوەی ناسنامەی ئەنجامدەرانی هێرشەکە ئاشکرا بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی لە فەرمانگەی تەندروستی کەربەلا ڕایگەیاند کە لە ناوچەی بەلەدییات ناوەڕاستی شارەکە، پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران ڕوویداوە. بەگوتەی سەرچاوەکە لە میانی پێکدادانەکەدا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە، 40 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

هاوکات پۆلیسی کەربەلا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لە میانی ئەو پێکدادانانەی کە لە ناوەڕاستی شارەکە لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندان ڕوویداوە، 22 پۆلیس بریندارببوون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی کەربەلادا، ژمارەیەک کەسی تێکدەر بەشێکی بانکی بەغدا کە بانکێکی کەرتی تایبەتە سووتاندووە بۆ ئەوەی کەلوپەلی نێو بانکەکە بدزن، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکراوە.

ماوەی چەند هەفتەیەکە، بەهۆی هەوڵی خۆپیشاندەران بۆ کۆنترۆڵکردنی پردی ئەحرار لە ناوەڕاستی بەغدا کە ماوەی چەند هەفتەیەکە، بەهۆی هەوڵی خۆپیشاندەران بۆ کۆنترۆڵکردنی پردی ئەحرار لە ناوەڕاستی بەغدا کە ماوەی چەند هەفتەیەکە، بەهۆی هەوڵی خۆپیشاندەران بۆ کۆنترۆڵکردنی پردی ئەحرار لە ناوەڕاستی بەغدا کە

کەرکووک.. کوژرانی شەش تیرۆریستی داعش

پۆلیسی فیدرالی عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا، شەش چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە پارێزگای کەرکووک کوژراون. لە ڕاگەیەندراوێکدا پۆلیسی فیدرال بڵاویکردەوە کە هێزێکی فیرقەی پێنج سەربە پۆلیسی فیدرال ئۆپەراسیۆنێکی بە ئامانجی ڕاوەدوونانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە دۆڵەی قەرحە سەربە پارێزگای کەرکووک ئەنجامداوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، شەش تیرۆریستی داعش کوژراون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە دست بەسەر بڕێک تەقەمەنیدا گیراوە کە لەنێو تونێلێکی نهێنی ئەو ڕێکخراوەدا بوو لە ناوچەکەدا.

پەرلەمانتارێکی هەدەپە: ئەردۆغان ڕێگری لە ئازادکردنی دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ کرد

دەمیرتاش و یوکسەکداغ وەکوو بارمتە لە زیندان ڕاگیراون



ئەندام پەرلەمانێکی هەدەپە، لەناو پەرلەمانی تورکیا باس لە چەند ڕاستییەکی پشت پەردەی ئازادنەکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە کرد. مەرالْ دانش بێشتاش، دەڵێت چەند سەعاتێکی مابوو دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ ئازاد بکرێن، بەڵام ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا تەلەفۆنی کردووە گوتوویەتی دووبارە زیندانیان بکەنەوە.

مەرالْ دانش بێشتاش، ئەندام پەرلەمانی هەدەپە لەسەر بازنەی شاری سێرت، لەناو پەرلەمانی تورکیا لەبارەی بودجەی 2020ی تورکیا قسەی کرد و پاشان لەبارەی ئازادنەکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکانی پێشووی هەدەپە چەند ڕاستییەکی ئاشکرا کردووە.

مەرالْ گوتی: سەلاحەدین دەمیرتاش 3جار لەلایەن دادگای بالای تورکیاوە ئازاد کرا، هەروەها فیگەن یوکسەکداغیش بە هەمان شێوە. چەند سەعاتێکی مابوو تا دەمیرتاش و فیگەن ئازاد بکرێن، بەڵام لەسەر داوای ئەردۆغان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەوە، کە ئەمەش لە هیچ شوێنێکی دنیا نموونەی نییە. سەرۆکی دادگا بەبێ ئەوەی سەیری پارێزەرەکان بکات دادگای بەجێهێشت، چونکە ناکرێت تۆ چەند سەعاتێک بمێنێت بۆ ئازادکردنی کەسێک، کەچی لە هەمان سەعاتدا دووبارە دادگایی بکەیتەوە و زیندانی بکەیت. ئەو ئەندام پەرلەمانەی هەدەپە ئاماژەی دەدات، کە ئێستا دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ وەکوو بارمتە ڕاگیراون لە زیندان، چونکە دادگا بڕیاری ئازادکردنیانی داوە، کەچی لەسەر داوای سەرۆک کۆمار و بەبێ بنەمای یاسا دەستگیر کراونەتەوە. مەرال دانش نموونە بە سری سوورەیا ئۆزندەر دەهێنێتەوە، کە دادگای دەستووری تورکیا لە بەرژەوەندیی ئەو بڕیاری دەرکرد، بەڵام کاتێک دەمیرتاشیش سەردانی ئەو دادگایەی کرد و داوای یاسایی تۆمار کردوە، کەچی تاکوو ئێستا وەلامیان نەداوەتەوە.

سیناتۆرێکی ئەمەریکی: ئەردۆغان هێڵی سووری بەزاند



سیناتۆرێکی ئەمەریکی ڕایدەگەیەنێت، کە سەرۆک کۆماری تورکیا هێڵی سووری بەزاندووە. کریستۆفەر ڤان هۆلین، سیناتۆری دیموکراتەکانی ئەمەریکی لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر) ڕایگەیاندووە، ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا دوای دوو هەفتە لە سەردانەکەی بۆ کۆشکی سپی، پشت لە دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا دەکاتەوە.

کریستۆفەر ڤان هۆلین پێی وایە بە دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی مووشەکی S400 ئەردۆغان و تورکیا پشتیان لە هاوپەیمانی باکووری ئەتلەسی (ناتۆ) و ئەمەریکا کردووە و "هێڵی سوور"ی بەزاندووە.

ئەو سیناتۆرە ئەمەریکییە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە کارکردن لەسەر پرۆژەیاسای سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا بەهۆی سیستەمی دژەموشەکی S400 لەلایەن کۆنگرێسی وڵاتەکەیەوە بەردەوامە.

لە ساڵی 2017 ئەنقەرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ مۆسکۆ واژۆ کرد بۆ کڕینی سیستەمی S400 کە پێشکەوتووترین سیستەمی دژە موشەکی و دژە فڕۆکەیە و لە ڕووسیا دروست دەکرێت.

ئەمەریکا چەند جارێک هۆشداریی داوەتە تورکیا و ڕایگەیاندووە، لە ئەگەری کڕینی ئەو موشەکە ڕووسییە، چەندین سزا بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت و یەکێک لە سزاکانیش، ڕاگرتنی گرێبەستی فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگیی F35 بوو بەو وڵاتە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/11/27 ژمارە (5880)
خەبات

ئەلمانیا.. پرسەی سەلاحەدین محەمەد قادر پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بەڕێوەچوو



ساسان دەروێش -ئەلمانیا

بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی چەندان سالەی پێشمەرگەیەکی دێرین و نەوەی بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەری شاری سلێمانی و هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و بۆ ڕۆحی شەهیدی سەرکردە یوسف لچە، لە مەراسیمێکی شایستەدا پرسەی ماتەمینی بۆ سەلاحەدین محەمەد قادر پێشمەرگەیەکی دێرین و هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لە ئەڵمانیا گێڕدرا. پرسەکەش بەهەمەهانگی و بەشداربوونی ئەندامانی لیژنەی ناوچەی میونشنی پارتی لە ئەڵمانیا و بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردی ئەو شارە و نوێنەرانی پارت و حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو. لە کۆتایی پرسەکەشدا بەناوی بنەماڵەی کۆچکردوو سوپاسی لیژنەی ناوچەی میونشنی پارتی و هەموو بەشداربووان کرا کە بۆ دەربڕینی هاوخەمی و دڵنەوایی سەردانیان کردبوون.

نیشتیمانپەروەری هەمیشە لە نێو خەباتدا لە گەڕەکە شۆخەکەی کانی ئاسکانی شاری هەڵەبجە و قوربانی سلێمانی چاوی بەژیانی ژێردەستەیی و هاواری نیشتیمانی داگیرکراو هەڵهێناوە، بۆ شەهیدی فەرماندە و ناسراوی کوردستان شەهید یوسف لچەیە کە گیانی خۆیی کردە خەڵاتی نیشتیمان و کوردایەتی، لە ساڵی 1967 پەیوەندی دەکات بەهێزی لەشکری شۆڕشگێڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ئەوکات دەبێت بەپێشمەرگە لەلای قادر هەتا نسکۆی ساڵی 1974 پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و بوێربووە و بەشداری زۆربەی زۆری شەڕەکانی کردووە. هەروەها لە دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی 1981 بۆ جاری دووەم دەبێتەوە بەپێشمەرگە لەلای عەبدوللا ئاغا لە لیژنەی ناوچەی چوارتا هەتا ساڵی 1985 پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ناوشاری سلێمانی، لە دوای گەڕانەوەشی بۆ ناوشار دەستگیردەکرێت و بەفەرمانی ڕاستەوخۆی عەلی حەسەن مجید ناسراو بە عەلی کیمیاویی دەستبەسەر و شوێن بزردەکرێ لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی بەعس و خوێنڕێژ هەتا ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991 ئازاد دەکرێ.

جێی باسە لە پرسەکەدا بە کورتی بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی سەلاحەدین محەمەد قادر پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بۆ ئامادەبووان خوێندرایەوە، سەلاحەدین محەمەد قادر لە ساڵی 1949 لە نێو بنەماڵەیەکی

پرسە و سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕەفعەت سەعید ئەرگوشی

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و کادیری دڵسۆز و بەوەفای ڕێبازی بارزانی و پارتیمان، خوالێخۆشبوو هەڤاڵ (ڕەفعەت سەعید ئەرگوشی).
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم خزم و دۆست و هەڤاڵ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان



ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە ئەنقەرە دەستگیر کرا

ئاسایشی پۆلیسی ئەنقەرە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ڕۆژنامەنووسێکی کورد و دەستگیریان کرد، ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیاش دەڵێن لەسەر داوای دادوەر دەستگیر کراوە. دوێنێ سێشەممە پۆلیسی ئەقەرە هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی بێریڤان ئاڵتان، پەیامنێری ئاژانسی (میزۆپۆتامیا) و دوای ئەوەی ماڵەکەی دەپشکنن، خۆشی دەستگیر دەکەن. ماڵپەڕی T24ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، بێریڤان ئاڵتان لەسەر داوای دادگای 3ی تاوانەکانی مێرسین دەستگیرکراوە، بۆیە دوای دەستگیرکردنی ڕەوانەی مێرسین کراوە.
هەر بە گوێرەی زانیارییەکانی ماڵپەڕی ناوبراو، دادگا ڕێگەی نەداوە بۆ 24 کاتژمێر پارێزەری بێریڤان بێبینێت و هەموو بینینێکیشی لێ قەدەغە کردووە. چەند ماڵپەڕێکی تورکیش ئاشکرای دەکەن، کە ئەو بیانووەی دراوەتە پاڵ بێریڤان، پڕوپاگندەیە بۆ پەکەکە، هەروەها کارکردنە بۆ بەرژەوەندیی پەکەکە.

ئێران بۆ ئەمەریکا و بەریتانیا و ئیسرائیل و سعوودیە:

ئەگەر هێڵی سوور ببەزێنن وێرانتان دەکەین



فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران، حسێن سەلامی هەڕەشەی لەناوبردنی چوار وڵات دەکات ئەگەر هێڵی سووری وڵاتەکەی ببەزێنن. سەلامی لە گوتەیەکدا لەمیانی خۆپیشاندانی لایەنگرانی دەسەڵات لە تارانی پایتەخت، کە وەک وەڵامێک بۆ خۆپیشاندانەکانی دژی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین بەڕێوەچوو، قسەی کرد. ئەو گوتی: ئێمە لە جەنگێکی نێودەوڵەتی گەورەداین، ئەو جەنگەشی لە شەقامەکانمان دروست بووە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە.
فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران جەختیشی کردەوە لەوەی وڵاتەکەی هیچ جوونەیەکی دوژمن بەبێ وەڵام و تۆڵەکردنەوە بەجێناهێڵێت، گوتیشی: چاوەڕوانی ئەمەریکا مەکەن بێت بۆ ڕزگارکردنتان، دوای ئەوەی ئەو وێرانی کردن. هەروەها ئەوەشی گوت: بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئیسرائیل و سعوودیە دەڵێم کە ئێمەتان لە گۆڕەپان تاقیکردەوە و زللەیەکی بەهێزی واتان خوارد کە نەتوانن وەڵامی بدەنەوە. جیهان بەشێکی ئەو زللەیەی بینیوە و بەشێکی نەبینیوە، بەڵام چاوەڕوان بکەن و وێرانتان دەکەین ئەگەر هێڵی سوور ببەزێنن. ئەم گوتانەی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران لەکاتێکدایە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەوە و بەهۆی بڕیارێکی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە بەبەرزکردنەوەی نرخی بەنزین، شەپۆلێکی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری بەرفراوان تەواوی وڵاتەکەی گرتەوە و زیانی گیانی و مادیدی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەش لایەنی دەرەکی لەپشت خۆپیشاندانەکانەوە تۆمەتبار دەکەن بۆ تێکدانی دۆخی ناوخۆی وڵات.

نۆ شوێنی ژێر دەسەڵاتی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا بۆردومانکرا

چوار کەس کوژراون و نۆ کەسی دیکەش بریندارببوون



بەپێی چەند سەرچاوەیەک فڕۆکەی جەنگی نەناسراو بۆردومانی چەند شوێنێکیان کردووە لە باشوری شاری جەرابلوس و باکوری شاری ئەلبابی ژێر دەستی گرووپەکانی سەر بە تورکیا و لە ئاکامدا ژمارەیەک عەمباری سووتەمەنی ئاگریان گرتووە. سەنتەری تۆمارکردنی پێشێلکارییەکان لە باکوری سووریا دەڵێت: شەوی دووشەمە لەسەر سێشەمە بۆردومانی 9 شوێن کراوە، شەشیان لە دەوروبەری گوندی تەرحینی سەر بە شارۆچکەی عەریمەی نزیک شاری ئەلباب و سیانیان لە نزیک هەردوو ناوچەی ئەلکوسا و تەل شعیر لە باشوری شاری جەرابلوس. سەنتەرەکە دەشڵێت: بە لایەنی کەم 4 کەس کوژراون و 9 کەسی دیکە بریندارببوون و ئاگری گەورە شوێنەکانی گرتووەتەوە. هەروەها کۆمەڵەی سووریا بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، بەپێی خەڵکی ناوچەکە دەنگی 6 تەقینەوە لە هەردوو گوندی ئەلبورج و تەرحینی نزیک عەمبارەکانی سووتەمەنی بیستراوە. جێی ئامانجە ئەو ناوچانە لە ژێر دەستی گروپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیایە، لەوانە ئەحرار ئەلشام، ئەحرار ئەلشەرقیە ، فرقە ئەلحەمزات.

سەرچاوە /دەنگی ئەمەریکا

لێبوردنی نێودەوڵەتی:

لە خۆپیشاندانەکانی ئێراندا 143 کەس گیانیان لەدەستداوە

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە لەو خۆپیشاندانانەی بەهۆی زیادکردنی نرخی بەنزین لە سەرتاسەری ئێران سەریهەڵدا و تەشەنەی سەندووە، 143 کەس کوژراون. ڕێکخراوەکە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا باس لەوە دەکات کە لەو باوەڕەدان، ژمارەی کوژراوان زیاترین، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە.
هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەیش خراوەتەڕوو کە لە دیمەنەکاندا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە هێزە ئەمنییەکان لەسەربانی بیناکان بەدیدەکرێن کە لە مەودایەکی نزیکەوە خۆپیشاندەران دەکەنە ئامانج.
لەو ڕاپۆرتانەی ئامادەکراون ئاماژە بەوە دەکرێت کە دەسەڵاتدارانی ئێران تەرمی خۆپیشاندەرانیان نەداوەتەوە بە خانەوادەکانیان و لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە پزیشکی دادوەری دەرهێنراون و براون بۆ شوێنی نادیار. گەلی ئێران کە لە ڕووی ئابووریییەوە ڕۆژانێکی سەخت بەڕێدەکات بەهۆی سزاکانی ئەمەریکاوە، دوای ئەوەی لە 15ی تشرینی دووەمدا نرخی بەنزین سێ هێندە زیادکرا لە زۆر شاری ئەو وڵاتە خۆپیشاندانی دەستپێکرد. لە خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک لە بینا گشتییەکانی زۆرێک لە شارەکان، بانک، وێستگەکانی بەنزین و مارکێتەکان وێرانکران. جێی باسە پێشتر ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوە کردبوو کە 115 کەس کوژراون، هاوکات دەسەڵاتدارانی ئێران کوژرانی شەش کارمەندی ئاسایشی ڕاگەیاندبوو.

بوومەلەرزەیەک ئەلبانیای هەژاند و دەیان کەسی کردە قوربانی



بوومەلەرزەیەک باکووری ڕۆژئاوای ئەلبانیای هەژاند و بەپێی ئامارەکانیش 14 کەس گیانی لەدەستداوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن پەیمانگای زانستی زەوی، وزە، ئاو و ژینگەی ئەلبانیاوە بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە ناوەندی بوومەلەرزەکە 15 کیلۆمەتر لە شاری دراچە خۆرئاوای ئەو وڵاتە و لە قوڵایی 38 کیلۆمەتر ڕوویداوە و گوڕەکەی 6 و پۆینت 4 پلە بووە بە پێوەری ڕیختەر.
وەزارەتی بەرگریی ئەلبانیا لە دوا ڕاگەیەندراویدا زانیاری نوێی لەسەر بوومەلەرزەکە بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە کە 14 کەس بە هۆی ئەو ڕووداوەوە گیانیان لەدەستداوە. وەزارەتی تەندروستی ئەلبانیا، ئاماژەی بەوەش کرد کە چارەسەرکردنی 600 کەس لە بریندارانی بوومەلەرزەکە لە نەخۆشخانەکاندا دریژەی هەیە و تیمەکانی تەندروستیش لە تیرانا، دراچ و سەرتاسەری وڵات لە ئامادەباشیدان.
ئاماژە بەوەیش کرا کە لەسەرتاسەری ئەلبانیادا تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە و سوپای ئەو وڵاتە کاریان کردووە.
بوومەلەرزەکە کە لە شارەکانی دیکەی ئەلبانیا بەتایبەتی تیرانای پایتەخت و وڵاتانی دراوسێی مەقدۆنیای باکوور، کۆسۆڤۆ و مۆنتینیگرۆ هەستیپێکرا لە ئەلبانیا بووە هۆی دروستبوونی کێشە لە پەیوەندی و پێچڕانی کارەبا.
وەزارەتی پەروەردە، وەرزش و لاوانی ئەلبانیا لە شارەکانی تیرانا، دراچ و لیژا ئەمرۆی کردە پشوو لە قوتابخانەکاندا.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ باڵیۆزی دانیمارک لە عێراق چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێ کرد



ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە گێرت ماینێک باڵیۆزی دانیمارک لە عێراق کرد کە بەیاوەریی شاندێکی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە سەردانی دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاریان کردبوو و لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ باڵیۆزی دانیمارک لە عێراق و شاندی یاوەری کە پێک هاتبوون لە سەرپەرشتیار و نوێنەری ژمارەیەک کۆمپانیای ئەو وڵاتە، باس لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی دانیمارک کرا، جەخت کرایەوە لە پەرەپێدان و فراوانکردنی پەیوەندییەکان بە تایبەتی سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، لەڕووی ئاو و ئاوەڕۆ و گەشتوگوزارەوە کە پێویستە هەماهەنگی زیاتر هەبێت بەمەبەستی بایەخدانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی دانیمارک.

ساسان عەونی وێڕای شیکردنەوە و خستنەڕووی بەشێک لە کارنامەی حکوومەت، ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە هەیە، هاوکات پەرەپێدان و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولای بە گرنگزانی، بە تایبەتی لە سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریی و گەشتیاریی.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕەفعەت سەعید ئەرگوشی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی بەوەفا و دڵسۆز (ڕەفعەت سەعید ئەرگوشی)مان پێگەیشت.

هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

یارەکای بارزانی

پەیوەندییە کوردستانی و عێراقییەکانی پارتی لەگەڵ پێکهاتەی ئەرمەنیەکان لە عێراق کۆبوونەوە



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە مەسیحیەکان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی کرد لە ملکون ملکونیان سەرۆکی ئەنجومەنی پێکهاتەی ئەرمەنیەکان لە عێراق و ئەلئیب ئەرتون خلاتیان قەشەی پێکهاتەی ئەرمەن لە کوردستان و هاکوب سبحونیان سەرۆکی پێکهاتەی ئەرمەن لە هەولێرو (حەرانت فارتابنان) سکرتێری لێژنەو (نوبار ئیستفانیان) بەرپرسی پەیوەندییەکان .

لە دیدارێکدا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی و سەرۆکی پێکهاتەی ئەرمەن لە عێراق، باسیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتەی ئەرمەن لە کوردستان و عێراق کرد، لەم بارەیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی لە پاراستن و پتەوکردنی گیانی برایەتی و یەکڕیزی و هەماهەنگی کارکردن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان و خزمەتکردنی زیاتری هەموو پێکهاتەکان و گرنگی دان بەماف و داخوازییەکانیان وەک پێکهاتەو بەشێکی ڕەسەن لەم وڵاتە کردەوە، هاوکات باسی میژووی و برایەتی هەماهەنگی ئەرمەنەکان و بنەماڵەی بارزانی کرد و ستایشی هەڵوێست هەنگاوەکانی رابردوو و ئێستای کردن، هەروەها تیشک خرایە سەر دواپێن پێشهات و بارودۆخی هەستیاری سیاسی عیراق و هەنگاوەکانی دوایی ئەو گرفتانەی ئەمڕۆ لە ئارادایە کرا، هەر لەو دیدارەدا سەرۆکی پێکهاتەی ئەرمەن لە عێراق ستایشی حکومەتی کوردستان و سەرکردایەتی گەلی کوردستانی کرد بۆ پاڵپشتیان کەچەندین ساڵە لە دابین کردنی کورسیەکی کۆتایی پەرلەمانی بۆ ئەرمەنەکان ئەمەش جێگای شانازی و ڕەزامەندی و پێکەوە ژیان و بایەخدانە بە پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، دەخوازین لەتەواوی عێراق ئەم بایەخە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان هەبێت کەبەداخەوە بەهۆی نائارامی و ڕەوشی نالەباری ناوچەکان خەلکێکی زۆری ئێمە کۆچیان بۆ دەرەوەی وڵات کردوە و یان هانایان بۆ کوردستان هێناوە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی پارتی تەئکیدی کردەوە هەرێمی کوردستان هەمیشە ماف و داخوازی و تەواوی ئامانجە سیاسی و کلتوری و کۆمەلایەتییەکانی هەرپێکهاتەیەکی زامن و پارێزراو کردووە لەیاسا کارپێکراوەکاندا، هەروەها بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان هەلوێستی پێکهاتەکانی بەرامبەر پرسە چارەنووسسازو نیشتمانیەکانی گەلی کوردستانی بەبەرزی هەڵسەنگاند و تەئکیدی کردەوە چۆن لەرابردوو لە خەبات و شۆڕش و ئێش و ئازارەکان هاوبەش بوین لە ئایندەش هەماهەنگ و هاوبەش دەبین.

هەڵمەتێکی فراوانی بڕینی سەرپێچیکردنی کارەبا لە هەولێر ئەنجام دەدرێت



بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکان و نەهێشتنی زیادەڕۆی کارەبا ، ئەندازیار کەمال محمد ساڵح وەزیری کارەبا پێشوازی لە دکتۆر فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر کرد ، لە کۆبونەوەیەکدا کە بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەتی کارەبا ئامادەی بوون، وێڕای بە خێرهاتنی پاریزگار و شاندی یاوەری و بەرز نرخاندنی کارو هاوکارییەکانی پاریزگار لە بواری دابەشکردنی کارەبادا .

وەزیری کارەبا باسی لەو گرفت و کێشانەی کرد کە لە دوو هەفتەی ڕابردوو دا دوو چاری سیستەم و دابەشکردنی کارەبا بوو کە بە هۆی ڕاوەستانی غازو بار زۆری سەر تۆری کارەبای نیشتیمانی دروست بوو .

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا هەردوولا ڕێکەوتن کە ماوەی مانگێک بدرێتە هاوبەشانی کارەبا بۆ ئەوەی هەرچی گرفت و کێشەیەکی تایبەتیان هەیە سەردانی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکانی کارەبا بکەن لە هەولێر بە مەبەستی چارەسەر کردن ، بە تایبەتی بواری بەستن و دانانی پێوەر و چارەسەر کردنی گرفتەکانی کارەبا ، بەڕواری 2020/1/1 تیمەکانی نەهێشتنی سەرپێچی کارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و پاریزگای هەولێر و یەکە ئیدارەییەکان سزای دارایی و یاسایی توندی سەرپێچی کاران دەدەن.

ڕانیە... بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیمانگای گەشەپێدانی مرۆیی بۆ مامۆستایان دەکرێتەوە

خەبات-ڕانیە:

دوای هەوڵی بەردەوامی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11 و، هەروەها هەوڵ و بەدواداچوونی وەزیری پەروەردە، بۆ دامەزراندنی پەیمانگای گەشەپێدانی مرۆیی بۆ مامۆستایانی سنووری دەڤەری ڕاپەڕین لە ڕانیە، مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی دامەزراندنی ئەو پەیمانگایەی دەرکرد.

جێی باسە کردنەوەی پەیمانگای گەشەپێدانی مرۆیی بۆ مامۆستایانی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، هەنگاوێکی ئیجابی و دەستکەوتێکی گرنگە، هەربۆیە بووەتە مایەی دڵخۆشیی خەڵکی سنووورەکە و بەتایبەت بۆ مامۆستایان، چونکە دەبێتە هۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و توانا زانستی و مرۆییەکانی مامۆستایان.

پاریزگەرێ دهوکێ هەوا بەرهنگاربونا توند و تیژیێ دژی ئافرەتان راگەهاند



خەبات دهوک: ل ڕێڤەبەریا بەرهنگاربونا توند وتیژیێ دژی ئافرەتان فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ هەوا بەرهنگاربونا توند و تیژیێ دژی ئافرەتان راگەهاند.

درێ و رسمەکێداو ب ئاماژەبونا چەند ڕێڤەبەرێن پەیوەندیدار ورێکخراوێن مروڤایەتی وچەند لایەن وئافرەتان، ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها بەرهنگاربونا توند و تیژیێ دژی ئافرەتان ل دهوکێ پەیڤەک پێشکێشکر تێدا بخێر هاتنا هەموو میهڤانان کر و تەکەزکر کو دروژا جیهانی یا بەرهنگاربونا توند وتیژیێ دژی ئافرەتان دا چەندین چالاکییێن جورا و جور ل هەموو نقێسینگەها ل سنورێ قەزایێن پاریزگەهێ دێ هێنە ئەنجامدان وخواست کو هەموو لایەن ورێکخراوێن پەیوەندیدار هەڤکاربن دگەل فەرمانگەها وان ژبو بەلافکرنا هشیاریا بەرهنگاربونا توند و تیژیێ دژی ئافرەتان .

پاش کورتە فلمەک ل دور چاوانیا چارەسەرکرنا ئاریشێن خێزانی هاتە بەرچاڤکرن ل دوڤدا فلمەکێ ل دور چالاکییێن ڕێڤەبەریا بەرهنگاربونا توند و تیژیێ دژی ئافرەتان هاتە نیشادان.

بڤێ هەلکەفتێ پاریزگەرێ دهوکێ پەیڤەک پێشکیشکر و تەکەزکر کو بابەتێ بەرهنگاربونا توندو تیژیێ دژی ئافرەتان زور یێ گرنگە ودڤێت هەموولایەن هاریکاریا ڕێڤەبەریا بەرهنگاربونا توندو تیژیێ دژی ئافرەتان بکەن بو وێ یەکێ دیاردا توند وتیژیێ ل دژی ئافرەتان بهێتە کێمکرن.

هەروەسا گوت: دڤێت سال بو سالێ بەرنامێن نوو بهێنە ئامادەکرن کو هشیاریا بەرهنگاربونا توندو تیژیێ دژی ئافرەتان دناڤ خێزانان ودەیک وباب وهەموو جڤاکیدا بهێتە بەلافکرن

پاش پاریزگەرێ دهوکێ ئەڤ هەوە ب شێوەکێ فەرمی بو ماوێ 15 روژا ڕاگەهاند ودەست خوشی ل ڕێڤەبەریا نافبری کر بو ساخکرنا روژا جیهانی یا بەرهنگاربونا توندو تیژیێ دژی ئافرەتان.

هەولێر... لەناوبردنی بڕێکی زۆری ماددەی هۆشبەر

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، بەختیار نەوزاد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: دوای نووسراوی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، لیژنەیەک پێکهات بە نوێنەرایەتی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر، وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی ژینگەی هەولێر بۆ لەناوبردنی و سووتاندنی ئەو حەب و ماددە هۆشبەرانەی کە لە میانی پێنج ساڵی ڕابردوودا دەستی بەسەرداگیراوە و دۆسیەکانیان لە دادگاکاندا یەکلایی کراونەتەوە .

جۆر و بڕی ماددە هۆشبەرە لەناوبراوەکان؛ 110 کیلۆ و 866 گرام تلیاک، 312 کیلۆ و 510 گرام هیرۆین، 30 کیلۆ و 40 گرام حەشیش، 21 کیلۆ و 891 گرام کریستاڵ، 36 هەزار و 430 شیت حەبی ترامادۆڵ، پێنج هەزار و 301 شیت حەبی تریفین، سێ هەزار و 760 شیت حەبی سۆمادریل، 550 شیت حەبی دیازپام، 12 هەزار و 80 حەبی هۆشبەری جۆراوجۆری دیکە، 29 گووش داری هۆشبەر، 11 کارتۆن شروبی هۆشبەر، 18 کارتۆن قوتووی بەتاڵی حەب، دوو کارتۆن پاکەتی دەرزی بەتاڵ و 15 کارتۆن حەبی هۆشبەری جۆراوجۆر.

هەڵمەتێکی نەمام چاندن لە هەولێر بەڕێوەدەچێت



خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان و قایمقامیەتی هەولێر بە هاوکاریی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی نەمام چاندن بۆ زیاتر سەوزکردنی شاری هەولێر بەڕێوەدەبەن. لە چالاکییەکدا قایمقامەتی ناوەندی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، بە یارمەتی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان لە شەقامی بەردەم بەشی ناوخۆیی 18ی شوبات لە 330 نەمام بڕوێتن. کونسوڵخانەی ئەڵمانیا بەم کارەی دەیەوێ پاڵپشتیی تەواوی وردەکارییەکانی جوانکاری و ژینگە لە هەولێر بکات، هەروەها لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا 333 نەمام دەچێندرێت و دەمانەوێت بەم بەشداربیە بچووکە لە جەنگی دژی گۆڕانکاریی کەشوهەوا بەشداری بکەین و هەوڵێکە لەپێناو کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە ژینگەدا.

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان و قایمقامیەتی هەولێر بە هاوکاریی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی نەمام چاندن بۆ زیاتر سەوزکردنی شاری هەولێر بەڕێوەدەبەن. لە چالاکییەکدا قایمقامەتی ناوەندی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، بە یارمەتی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان لە شەقامی بەردەم بەشی ناوخۆیی 18ی شوبات لە 330 نەمام بڕوێتن. کونسوڵخانەی ئەڵمانیا بەم کارەی دەیەوێ پاڵپشتیی تەواوی وردەکارییەکانی جوانکاری و ژینگە لە هەولێر بکات، هەروەها لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا 333 نەمام دەچێندرێت و دەمانەوێت بەم بەشداربیە بچووکە لە جەنگی دژی گۆڕانکاریی کەشوهەوا بەشداری بکەین و هەوڵێکە لەپێناو کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە ژینگەدا.

بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی: 99 کۆمپانیای خۆمالّی و 30 کۆمپانیای تورکی سزا دران

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر عارف حیتۆ بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕوونیکردەوە: بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵیاندا ئەنجام دراوە سێ وەزارەتی هەرێم 129 کۆمپانیای خۆمالّی و بیانی سزا دەدەن و بەشێکیشیان دەخرێنە لیستی ڕەشەوە بەڵام 104 کۆمپانیای دیکە لە بواری هێنانی کرێکارانی بیانی کار دەکەن دیارە ئەو کۆمپانیایانەی کە سزا دراون لەبەر پابەند نەبوونیان بە گرێبەستەکانی کارکردن و پابەند نەبوون بوو بە مەرج و ڕێنماییەکان و وەزارەتی پلاندانانی هەرێمیش 60 کۆمپانیای خستە لیستی ڕەش و لەو ژمارەیەش نزیکەی 30 کۆمپانیای تورکین و بەدواداچوونیش بۆ کۆمپانیاکان دەکرێت و هەر کۆمپانیەک پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نەبن ئەوا سزا دەدرێن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/11/27 ژمارە (5880)

بەهۆی گرانی نرخەکان زۆربەی کرێیارەکانیان خەڵکی بیانین

«خەبات» پێشانگای رستن و چنینی کوردەواری لە قەڵای هەولێر بەسەر دەکاتەوە

دلێر تەها: پێویستە حکوومەت هاوکارمان بێت بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمەکانمان هەناردەی دەرەوەی وڵات بکەین





ڕاپۆرت: سۆزان سلێمان

پێشەنگای رستن و چنین پێشەنگایەکە لە نێو قەڵای هەولێر کراوەتەوە بە مەبەستی نمایشکردن و فرۆشتنی ئەو مافورانەیە کە لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێن و هەموویان کاری دەستین، دلێر تەها خاوەنی ئەو پێشانگایەیە و فەرمانبەرە لەسەر میلاکی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پێشەنگای سەر قەڵا، ئەو دەڵێت: ئەو پێشەنگایە کە پێشەنگای رستن و چنینە لە ساڵی2011 ەوە دامەزراوەو خەریکی بەڕێوەبردنی ئەو پێشەنگایەین بە مەبەستی نمایشکردنی ئەو بەرهەمە ناوخۆییانە، چونکە هەموو ئەو مافورانەی نێو ئەو پێشەنگایە کاری دەستین و ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە بۆ دروستکردنیان، بەهۆی ئەوەی لە کارگەکانی خۆمان دروستی دەکەین.

دلێر تەها دەشڵێت: کارگەکانمان لە چەند شوێنێکی جیاوازەوە دانراون، یەکێکیان لە بەحرەکەیە و یەکێکیش لە ڕەواندزە و لە شاری کۆیە و هەرێرش کارگەمان هەیە. ئەو گوتیشی: ئەو مافورانە هەم بە مەبەستی نمایشکردن و و هەمیش بە مەبەستی فرۆشتنیان نمایش کراون ، خەڵک ڕۆژانە دێن سەردانمان دەکەن هەندێکیان تەنها بۆ مەبەستی سەیرکردن دێن و هەندێکیشیان بە مەبەستی کڕینیان ڕوو لەو پێشەنگایە دەکەن.

دلێر تەها ئاشکراشی کرد کە خەڵکە بیانییەکان زیاتر سەردانیان دەکەن، ئەو گوتی: چونکە بەلایانەوە شتانێکی سەرنجڕاکێشن و بەهۆی ئەوەی نرخەکانیان بەرزن، بۆیە بیانییەکان زیاتر دەیکڕن. لە وەڵام بەو پرسیارەی ئایا لە داهاتوودا بیر لەوە کراوەتەوە کە بۆ دەرەوەی وڵات بەهەمەکانیان هەناردە بکەن؟ ئەو دەڵێت: نەخێر تا ئێستا ئەوەمان بۆ نەرەخساوە کە بتوانین هەناردەی دەرەوەی وڵات بکەین، پێویستە حکوومەت هاوکارمان بێت تا بتوانین هەناردەی وڵاتە بیانییەکان بکەین.

ئاماژەی بەوەش دا کە ئەو مافورانە بەشێکیان ئاوریشمن و لە سەر داوای خەڵک دروستان دەکەین و بە هۆی ئەوەی هەندێک لە پێداویستە سەرەکیەکانی بۆ دروستکردنی مافورەکان و چونکە کاری دەستیشە بۆیە نرخیان گرانن. گوتیشی: پێمان خۆشە زیاتر ئاسانکاریمان بۆ بکرێت، تا بتوانین بەشداربین لە پێشەنگا نێودەوڵەتیەکان یان ئەو پێشەنگایانەی لە دەرەوەی وڵات دەکرێنەوە و بتوانین وەک هەرێمی کوردستان بەشداربین لەو جۆرە پێشەنگایانە، چونکە تا ئێستا تەنها لە پێشەنگا ناوخۆییەکان بەشداریمان کردووە.

لە کۆتاییدا خاوەنی ئەو پێشەنگایە دەڵێت: هیوادارم ئەو پێشەنگایە زیاتر فراوان بکرێت و بتوانرێت شوێنەکەمان بۆ گەورەتر بکرێت، چونکە لە ئێستادا بەهۆی بچووکی شوێنەکەمان نەمانتوانیوە هەموو مافورەکان نمایش بکەین.

نێرگەلە.. وەک پەتایەکی نوێی سەردەم هەڕەشە لە ژیانی گەنجان دەکات

گەنجێک: بێکاریی گەنجان هۆکاری سەرەکی ئاڵوودەبوونە بە نێرگەلەکێشان

ڕاپۆرت: پەریها عومەر

هۆکارەکانی زۆربوونی نێرگەلەکێشان ڕووی لەزیادبوونەو وای لێ هاتووە لەنێو گەنجان بۆتە دیاردەیەکی باو، ئێمە دەپرسین ئایا هۆکاری زیادبوونی نێرگەلەکێشان بۆچی دەگەڕێتەوە ?هەروەها لەڕووی تەندروستیەوە نێرگەلەکێشان چ زیانێکی هەیە بۆ مرۆڤ هەیە ؟ بۆچی نێرگەلەکێشان لە ئێستادا بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگا ؟ ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی جەند گەنجێک کرد:



حوسێن بابان گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێرە و دەڵێت: نێرگەلە وەک ژەهرێکی کووشندە بووە بە دیاردە،

ئەم نیکۆتینە تامدارە یەکێکە لەو دیاردانەی لە ئێستادا بە تەواوی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە کە ڕۆژانە بە سەدان گەنج لە کافتریاکاندا کاتەکانیان بەسەر ببەن بە کێشانی نێرگەلە بەڕای من سەرەکیترین هۆکار بۆ کێشانی نێرگەلە لەلایەن گەنجان هەبوونی کاتێکی زۆری بەتاڵە، گەنجان ناچار دەبن ڕوو بکەنە کافتریا و گازینۆکان بۆ بەڕێکردنی بەشێک لەکاتەکانی ڕۆژانەیان، کێشانی نێرگەلە بە بەردەوامی چەندین کاریگەری خراپی تەندروستی هەیە ، کە هۆکاری سەرەکین بۆ جەڵتەو سیسبوونی سییەکان و گیرانی سییەکان و تەسکبوونەوەی بۆڕی هەناسە ، هەروەها درووستبوونی شێرپەنجەی قوڕگ و گۆڕانی ڕەنگی پێست و خراپبوونی دەدانەکان.

حوسێن بابان گوتیشی: من یەکێکم لەو گەنجانەی کە ئاڵوودەی کێشانی نێرگەلە بووم زیانێکی زۆری لێداوم لە ڕووی تەندروستی جەستەیی، بۆیە ناچاربووم وازی لێ بهێنم، چونکە تەندروستیم بە تەواوی تێکچوو بوو، لێرەوە دەمەوێت وەکو گەنجێکی ناو ئەم کۆمەڵگایە داواکاری و ئامۆژگاریم بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەیانەوێت فێری کێشانی نێرگەلەبن، تکایان لێ دەکەم خۆیان بەدوور بگرن لەم ژەهرە تامداره، هەروەها داواکارم لە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵەکانییان چڕتر بکەنەوە لە ڕووی هۆشیاری کۆمەڵگا و شوێن گونجاو زیاتر بکرێ وەکو کتێبخانەو چالاکی پەرەپێدانی مرۆیی و ڕەخساندنی هەلی کار، پێویستە ڕێگری بکرێت لە هاتوچۆی منداڵی خوار تەمەن هەژدە ساڵ بۆ ئەو شوێنانەی نێرگەلەی تیادا دەکێشرێت، نوێنەرەکانی چاودێریی گەشەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری پاراستنی منداڵان کاردەکەن بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەت و لایەنی پێوەندیدار کاربکەن بۆ ڕێگریکردنیان بۆ گازینۆ و کافتریاکان، هاوکات باجی زیاتر بخرێتە سەر کڕینی تووتن و پێداویستییەکانی نێرگەلە، تا هەموو گەنجێک نەتوانێت بەو بڕە پارە کەمە نێرگەلە بکرێت.

عومەر عەبدوڵڵا گەنجێکی دیکەیە و دەڵێت: بێکاری هۆکارێکە بۆ کێشانی نێرگەلە هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی هیچ بەربەستێک لە لایەنی پەیوەندیدار و حکوومەت بۆ زۆربوونی کافتریاکان و ڕێگە پێدانیان یاخود ڕێگری نەکردن لەو کەسانەی کە بازرگانی بە هاوردەکردن و کڕین و فرشتنی نێرگەلە و پێداویستییەکانیەوە دەکەن، کە ئەوەیان ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە چاودێرییەکی تۆندتری ئەم دیاردەیە بکەن.

ئەو گوتیشی: بێکاری هۆکاری سەرەکی ئاڵوودەبوونە بە کێشانی نێرگەلە و گەنجان ناچان بەوەی زۆرترین کاتیان لەو شوێنانە بەسەر ببەن و ئەوەیش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر باری تەندروستی و دەروونیشیان هەیە، بەتایبەت کە دەبیندرێت تادێ و جۆر و ڕەنگ و تام و بۆنی جیاواز و سەرنجڕاکێشی دیکە زیادە دەبێت و شێوەو قەرارەی نێرگەلەش گۆڕانکاری بەسەردا دەکرێت، کە هەموو ئەوانە بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی گەنجانە و هیچ حیسابێک بۆ تەندروستی ئەو کەسانە نەکراوە کە دەیکێشن.

عومەر عەبدوڵڵا دەشڵێت: نێرگەلە وەک مۆدێلی لێهاتووە، تا ئەو ئاستەی خەریکە گەنجان پێیەوە ئاڵوودە دەبن، بەبێ ئەوەی کەسیان بیر لەوە بکاتەوە کە زیاتر لە 70جۆری نەخۆشی بەهۆی نێرگەلەکێشانەوە تەشەنە دەکات و هۆکارێکیشە بۆ تووشبوون بەچەندین جۆری نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشییەکان دڵ و میشک.

محەمەد عەبدوڵڵا گەنجێکی دیکەی نێرگەلەکێشەو لەم ڕاپۆرتەدا قسەی هەیە و دەڵێت: هۆکاری سەرەکی زۆربوونی نێرگەلەکێشان بۆ هەبوونی کاتێکی زۆری بێکاری دەگەڕێتەوەو گەنجان زۆرینەی کاتەکانیان لەو شوێنانە بەسەردەبەن کە نێرگەلەی تیادا دەکێشرێت، بوونی ئەو هەموو کافتریا و گازینۆیە کە نێرگەلەی تیادا دەکێشرێت و کەسیش چاودێری ناکات، بووەتە هۆکارێکی دیکەی مەترسیدار بۆ هاتوچۆکردنی منداڵانی تەمەن خوار 18ساڵ و ئەوەیش لە دواجاردا دەبێتە گرفت و ئاریشەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی درەنگ وەخشتەیش ئاسان نابێت.

بۆ ڕێگریکردن لە تووندوتیژی و پارێزراوی ژیان پێویستە ئافرەتان هۆشیار بن

خەبات: تریفە ئازاد

یەکێک لە ڕێگەکانی سەرکەوتن بەسەر هەر کۆسپ و کێشەیەکدا هەبوونی زانیاری بەرفراوان لەسەر ئەو کێشەیەیە واتا چەند تاک بەرامبەر بابەتەکان خاوەن زانیاری و ڕۆشنبیری بێت بە هەمان ڕادە دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت. بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژیش هەر بەو ڕێگەیە سەرکەوتوو دەبێت و کۆمەڵگە و حکومەت و ڕێکخراوەکان دەبێت هەوڵەکانیان لەو ڕێگەیەدا چڕبکەنەوە. لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژیدا ئافرەتان بیروڕای خۆیان لەوبارەوە دەخەنەڕوو.


ناسک سەعید

پێشکەوتنی مەدەنی جۆر و شێوازەکانی تووندوتیژی گۆڕیوە

ناسک سەعید، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتان لە بارەی هەفتەی بەرەنگار بوونەوەی تووندوتیژی گوتی: پرسی تووندوتیژی پرسێکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە لەنێو کۆمەڵگەشدا ئافرەت زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە، لەنێوەندی جەنگ و پاش جەنگەکانیش لە هەموو ڕەهەندەکانەوە ئافرەت و منداڵ کارەکتەری قوربانیدەری جەنگەکانە. لەم سۆنگەوە دەبینین هەر کاتێک ئاسایشی نیشتمانی کەوتە مەترسییەوە ژیانی ئافرەتانیش دەچێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و ڕووبەڕووی شێوازەکانی تووندوتیژی دەبنەوە وەک تووندوتیژی سێکسی، دەروونی و جەستەیی و جۆرەکانی دیکە. بۆکاردانەوەی ئەو حاڵەتە تووندوتیژیانەی ڕووەدەن دەبێت هەمیشە ئافرەت ئامادەسازی خۆی بکات و ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ئەگەری ڕوودان یان ڕێگریکردن لە حاڵەتەکانی تووندوتیژی بۆ ئەوەی ئەگەر تووشی تووندوتیژی بوونەوە کاریگەری خراپ لەسەر دەروونیان بەجێنەهێڵێت. هەرچەندە ئەم حاڵەتەش ئەستەم لەهەموو ئافرەتێکدا وەک یەک بێت بەو مانایەی هیچ مرۆڤێک لە ڕووی بەهێزی دەروونییەوە لە یەک ئاستدا نییە هەتا بتوانێت لە هەموویاندا باری دەروونیان جێگیر بێت یاخود کاریگەری نەرێنی دروست نەکات. لەکاتی ئایشی نیشتمانیدا ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە گەیاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ئەمەش فاکتەری بنەڕەتییە بۆ نەهێشتنی جۆرەکانی تووندوتیژی. دەبێت ئافرەتان هۆشیارین لە بەرامبەر جۆر و مۆدێلەکانی تووندوتیژی بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزراو بێت. کاتێک کۆمەڵگە هۆشیار بێت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو چوارچێوەیەشدا مافی ئافرەتانیش دەپارێزرێت. بۆ بنبڕکردنی ئەو حاڵەتانەش لە هەموو کایە و سێکتەرەکاندا سەرتا فکری تووندوتیژی و تووندەڕەوی ڕێگری لێبکرێت و نەهێڵدرێت بکرێتە فەرهەنگ بۆ ئەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە ژیانێکی دوور لە تووندوتیژی بژین. لە دەستپێکی ئەو ڕێگریانەش دەبێت ئافرەتان وەک دایک ڕۆڵیان هەبێت لە پەروەردەکردنی تەندروستی منداڵەکانیان و هەمیشە هزریان بە چەمکی لێبوردن و خۆشەویستی پڕبکەن، ئەم کارە یارمەتیدەرە بۆ دوورخستنەوەی تاکی شەرانگێز لە کۆمەڵگە و خێزانەکان، کە دواجار سەرجەم کۆمەڵگە سودمەند دەبن لەم کارەکتەرە بەهێزانە. لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی بەرزبوونەوە و جۆرەکانی تووندوتیژی سالانە گۆڕانکاری تێدا دەبێت، دەتوانین بڵێین ئەگەرچی کۆمەڵگە بەرەو کرانەوە و پێشکەوتن دەچێت، بەڵام دروستبوونی مۆدێلی نوێی تووندوتیژیبەکان بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووندوتیژیەکان. بەپێی ئامارەکانی ئەمساڵ لەئاو جۆری تووندوتیژیبەکان ئاماری خۆکوشتن ئاماژەیەکی ترسناکە بە تایبەت لە تەمەنی هەرزەکاریدا، چونکە ئەو تەمەنە دەبێت زیاتر لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی خێزانەکاندا بن بەتایبەت ئەگەر بیندرا تووشی گۆشەگیری و تەنهایی بوون، ئەم جۆرە کەسانە نابێت پشتگوێ بخرێن، بەڵکو پێویستی بە نزیکبوونەوە و تێگەیشتنی زیاتر هەیە بۆئەوەی لەو بارە دەروونییە خراپە ڕزگاربکرێن و بخرێنەوە سەرباری پێشووی دەروونی ئاسایی خۆیان.


ئافان فارس

ئەرکی ڕێکخراوەکان لەکەم کردنەوەی تووندوتیژی

ناسک سەعید لە درێژەدا دەڵێت: ڕاستە گرفتە کۆمەڵایەتی و ئاریشە جیاوازەکان فاکتەرێکی سەرەکین بۆ ئەوەی ڕێژەی تووندوتیژی بەرز بێتەوە، بەڵام گرنگە ئاماژە بۆ ڕۆڵی بەرچاوی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان بکەین کە توانیویانە کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی تووندوتیژی هەبێت بەو مانایە ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە نەبوونایە ئێستا ڕێژەکان زۆر لەوە زیاتر دەبوون، بۆ نموونە ئێمە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕۆژانە ئەو کەیس و ئاریشانە دێنە لامان بێگومان لە تەواوی ئەنجومەن و ناوەندەکان بە مەکتەبی سکرتاریەتیشەوە، جێگەی خۆشحالییە کە توانیومانە هاوکارێکی باش بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گەرانەوەیان بۆ باری ئاسایی دژ بە ژنان زۆر پێویستە و جێگەی بایەخ پێدانە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕای خۆم وەک ڕۆژنامەنووسێک کە سالانێکی زۆرە لە بواری یەکسانی و مافی ژنان و جێندەر کارەدەکەم، پێشنیار دەکەم هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان و خێزان هەڵمەتی درێژخایەن و بەردەوام بێت، تەنها 16ڕۆژ بەس نییە بۆ پرسێکی وەها گرنگ و پەیوەست بە ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان. بۆ ئەو پرسە گرنگە پێویستمان بە هەڵمەتی درێژخان و بەردەوام هەیە، جگە لەوەی زۆر گرنگە ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە خۆشەویستی و پێکەوەژیان و یەکسانی جیندەری لەنێو پرۆگرامەکانی قۆناخی بنەڕەتی تا خوێندنی بالا هەبێت، چونکە هەر بابەت و بوار و پرسێک گرفت و کێشەی تێدا هەبێت، پێویستە بە بەردەوام باس و خواسی هەموو سەکۆی وتوێژ و دیبەیت و کۆنفرانسەکان بێت، بەشێوەیەکی نەرم و ئاشتیانە قسە لەسەر ئەو پرسە بکەین و هەوڵبدەین بەشێوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانە توێژینەوە و ڕاپرسی لە بارەی ئەو پرسە بکەین. ئاشکرایە خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان و هەوڵی تاکە کەسی کەسانی خەمخۆر و تێگەیشتوو بۆ پرسی یەکسانی بۆ ئەو پرسە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە بەسەر زۆرێک لە بابەتەکانی تایبەت بە پرسی یەکسانی، لەگەڵ ئەوەش لە ئێستادا بەهۆی کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە و زیادبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و وێستگەکانی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە، کارکردن لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان ئاسانترە، تەنها پێویستمان بە کەسی ڕاستەقینە و پێگەشتوو و تێگەشتوو بەو پرسە هەیە، کە بە دروستی باوەڕیان بە پرسی یەکسانی هەبێت. ئەگەرچی تا ڕۆڵی هاندەر دەبینێت بە تایبەت دراماکان کاریگەری زور قوڵی هەیە لەسەر ئەم دیاردەیە، هەروەها بڕی تێچووی بە بەراورد بە پیشتر زۆر دابەزیوە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخو دروست دەکات لە زیادبوونی دیاردەکە. لەگەڵ هەموو ئەو هوکارانەی باسمان کرد هەندێکجار ژیانی خۆیان، ئەمەش هەروا بە ئاسانی دەستبەر نابێت بەڵکو لەگەڵ پشتوودرێژی و بەدواداچوونی ئەو ئافرەت و خێزانانە دروستبووە کە داوای چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکەن. لەم کارەی ئێمەشدا تەنها ئامانجمان گەڕاندنەوەی خۆشبەختی و ئاسوودەییە بۆ خێزانەکان و کەمکردنەوەی تووندوتیژی و بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و تێکنەچوونی شیرازەی خێزانی کۆمەڵگەکەمانە.

گرنگی و ڕۆڵ و بایەخی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بەئافرەتان

ئافان فارس، چالاکوانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووس گوتی: ئەوەی گرنگە و دەمەوێت لە سەرەتای قسەکانم تیشکی بخەمەسەر ئەوەیە کە بوونی هەڵمەتێکی فراوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی

ئافان فارس

دژ بە ژنان زۆر پێویستە و جێگەی بایەخ پێدانە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕای خۆم وەک ڕۆژنامەنووسێک کە سالانێکی زۆرە لە بواری یەکسانی و مافی ژنان و جێندەر کارەدەکەم، پێشنیار دەکەم هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان و خێزان هەڵمەتی درێژخایەن و بەردەوام بێت، تەنها 16ڕۆژ بەس نییە بۆ پرسێکی وەها گرنگ و پەیوەست بە ژیانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان. بۆ ئەو پرسە گرنگە پێویستمان بە هەڵمەتی درێژخان و بەردەوام هەیە، جگە لەوەی زۆر گرنگە ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە خۆشەویستی و پێکەوەژیان و یەکسانی جیندەری لەنێو پرۆگرامەکانی قۆناخی بنەڕەتی تا خوێندنی بالا هەبێت، چونکە هەر بابەت و بوار و پرسێک گرفت و کێشەی تێدا هەبێت، پێویستە بە بەردەوام باس و خواسی هەموو سەکۆی وتوێژ و دیبەیت و کۆنفرانسەکان بێت، بەشێوەیەکی نەرم و ئاشتیانە قسە لەسەر ئەو پرسە بکەین و هەوڵبدەین بەشێوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانە توێژینەوە و ڕاپرسی لە بارەی ئەو پرسە بکەین. ئاشکرایە خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنان و هەوڵی تاکە کەسی کەسانی خەمخۆر و تێگەیشتوو بۆ پرسی یەکسانی بۆ ئەو پرسە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە بەسەر زۆرێک لە بابەتەکانی تایبەت بە پرسی یەکسانی، لەگەڵ ئەوەش لە ئێستادا بەهۆی کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە و زیادبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و وێستگەکانی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە، کارکردن لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان ئاسانترە، تەنها پێویستمان بە کەسی ڕاستەقینە و پێگەشتوو و تێگەشتوو بەو پرسە هەیە، کە بە دروستی باوەڕیان بە پرسی یەکسانی هەبێت. ئەگەرچی تا

پێویستە بەقۆناغی جیا جیا لە ڕێگەی یاسا و پەروەردە و ئایین هەوڵی کەمکردنەوەی تووندوتیژی بدرێت

ئاواز شێرزاد، چالاکوان لە بواری ئافرەتان لەو بارەوە ڕایوایە کە: دیاردەهەموو سالێک لە پێناو نەهێشتنی تووندوتیژی و جیاوازی ڕەگەزیتی ، هەڵمەتێک ڕادەگەیەنەندرێت بە ناوی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی و لەم هەڵمەتەدا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەوڵدەدەن لەماوەی ئەم هەڵمەتەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تووندوتیژی ئافرەتان و خێزان زۆرترین هۆشیاری بڵاوبکەنەوە لە ڕێگەی وۆرکشۆپ و سیمیناری جیاجیا، کە ئەمە دەورێکی زۆری بینیوە لە


ئاواز شێرزاد

هۆشیارکردنەوەی هەم ئافرەت و هەم پیاو لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا و بە ڕای من ئەمە بە تەنیا بەس نییە و دەوری تەواوی نەبینیوە لە نەهێشتنی تووندوو تیژیدا، بۆیە لێرەوە ئەرکی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانە بە تایبەتی، کەوا لە ڕێگەی حکومەت و دا مودەزگاکان پڕۆژەی باشتر و جدیترمان هەبێت بۆ ئەو بابەتە لە ماوەی سالانی ڕابردوودا تووندوتیژیەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمیکردووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەڵقەی تێگەیشتن لە نێوان هەر دوو ڕەگەزدا و بە تەنیا ئەو هەڵمەتە بەس نییە بۆ نەمانی تووندوتیژی، بەڵکو پێویستی بە هەڵمەتێکی هەتا هەتاییە. خۆشبەختانە تا دێت کۆمەڵگای کوردی خەریکە بە ئاڕاستەی یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتنی یەکتری هەنگاو دەنێت چارەسەرییەکان زۆرن، بەڵام دەبێت سەرەتا هۆکارەکانی بوونی تووندوتیژی لە کۆمەڵگەکەمان پەنجەیان بخرێتەسەر و دیاری بکرێن بە قۆناغی جیا جیا هەوڵی کەمکردنەوەی بدرێت لە ڕێگەی یاسا و پەروەردە و ڕێنمایی ئایینی و گەیاندنی پەیامی ئایینی ئیسلامە وەکو خۆی سەبارەت بە ئافرەت، بەو پێیەی ئێمە میللەتێکی زۆربەنەمان موسوڵمانین بە تەئکید بە گرنگییەوە دەڕوانینە دین و پەیامی ئایینی دەکرێت بکرێتە تەوەرێکی ڕێکخراو لە ڕوانگەی شەرعەوە لەسەر ماف و دەستکەوتەکانی ئافرەت لەکۆمەڵگادا.

هۆکارەکانی پەرەسەندنی نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری لای ئافرەتان


ڕاپۆرت/ پەریهاعومەر

گەر پێشوو نەشتەرگەری جوانکاری بۆ ئەو کەسانە دەکرا کە تووشی ڕووداو ببوون و بەشێک لە جەستەیان عەیبدار ببوو بەڵام ئێستا جوانکاری بۆتە دیاردەیەکی باو لە نێو کۆمەڵگا و بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاوەکەوێت. لێرەدا ئەمانەوێ بزانین تاچەند جوانکاری پێویستە؟ تاچەند جوانکاری هێز بە لایەنی دەروونی دەدات هەروەها ئەو ئامێر و کەلوپەلەی کە بۆ جوانکاری بەکار دێت، تا چەند لە ڕووی تەندروستییەوە سەلامەتە؟ ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی چەند کەسێک دەکەین.



د. لانە فەخرەدین، پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری لەم بارەیەوە دەڵێت: چەند هۆکارێک هەن بۆ زۆربوونی جوانکاری، لەوانە بەردەستبوونییەتی بۆ زۆرینەی خەڵک و نرخی هەرزان و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها گرنگیدانی خەڵک بۆ وێنە و دەرکەوتنیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. جوانکاری کەمجار پێویستە و زۆربەی جارەکان تەنها ویستە، بەڵام لە سەردەمێک کە جوانی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەمان تەنانەت لە بەدەستهێنانی هەلی کار، زۆرینەی خەڵک لای بووەتە پێویستییەک بۆ باشترکردنی ژیان. جوانکاری لە کاتێکدا هێز بە لایەنی دەروونی دەدات ئەگەر کەسەکە کێشەیەکی بەرچاوی هەبێت و بە جوانکاری چارەسەر ببێت، هەموو جوانکارییەکی تر تەنها پاشگرێکە و هێزی دەروونی مرۆڤ پێیەوە نەبەستراوەتەوە. ئامێر و کەل و پەلی جوانکاری ڕێگە پێدراو ئەگەر بە دەستی پزیشکی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا بکرێت ڕێژەی مەترسی زۆر کەمە، چونکە تێستی سەلامەتییان کراوە بەر لەوەی ڕێگەی پێبدرێت بکەوێتە بەکارهێنان، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە پێویستە کەل و پەلەکان ڕێگە پێدراو بن و بە دەستی پزیشکی شارەزا کاریان پێبکرێت.

عەدنان عومەر، توێژەری کومەڵایەتی لەم بارەیەوە گوتی: جوانکاری ئیستا بووەتە دیاردەیەکی بڵاو بەڵام تایبەت لە نیو گەنجان بە هەر دوو ڕەگەزەکەیەوە، بێگومان پاڵنەر و هۆکارەکان زۆرن، بەڵام ئەوەیکە زیاتر کاریگەری هەیە لاسایکردنەوە و چاولێکەری نێوان گەنجان خویانە، هەروەها ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوەی ئەم دیاردەیە، هەروەها ئەو کەسانەی جوانکاری بەسەر کراوە بە ئاشکرا باسی ئەو ئەزموونەیان دەکەن و ئەو ڕاستییە دەشارنەوە کە ئەو جوانکارییانە چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک دەخایەنێت و دوای ئەوە پێویستیان بە چارەسەرکردنەوە هەیە، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی جوانکاری بەسەر کراوە ئاشکرا باسی ئەو ئەزموونەیان بکەن و ڕاستییەکە بشارنەوە.


د. لانە فەخرەدین


عەدنان عومەر


ڤان هاوار

ڤان هاوار یەکێکیتر لە بەشداربووانی ئەو ڕاپۆرتە پێیوایە: زۆربوونی دیاردەی جوانکاری و ئەنجامدانی جۆرەها نەشتەرگەری بەو مەبەستە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەناو ئافرەتاندا زیاتر بەرچاو دەکەون وەک لە پیاوان دەبینرێت، هۆکارەکەشی بۆ بڕوابەخۆنەبوون و تۆڕە کومەڵایەتییەکانە. من ئەو جوانکارییانە بە پێویست نازانم، هەموو مرۆڤێک جوانی تایبەتی خوی هەیە کە لایەنی بەرامبەر دەیبینێت هەڵبەت جوانکاری بە پێویست دەزانریت بە تایبەت لە هەندک حاڵەتدا. بێگومان ئەمە هەستی باوەڕبەخۆبوون لای گەنجان زیاتر دەکات، چونکە تا چەند مرۆڤ لە جەستەی ڕازی بێت بەڕادەی ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ دروست دەکات. ڕازیبوونی مرۆڤیش لە جەستەی بەندە بە تێڕوانینی کومەڵگە بو ئەو کەسە.

ئەو ڕاپۆرتە بەشداربووانی: ڕێکخراوەکانی ئافرەتانە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەناو ئافرەتاندا زیاتر بەرچاو دەکەون وەک لە پیاوان دەبینرێت، هۆکارەکەشی بۆ بڕوابەخۆنەبوون و تۆڕە کومەڵایەتییەکانە. من ئەو جوانکارییانە بە پێویست نازانم، هەموو مرۆڤێک جوانی تایبەتی خوی هەیە کە لایەنی بەرامبەر دەیبینێت هەڵبەت جوانکاری بە پێویست دەزانریت بە تایبەت لە هەندک حاڵەتدا. بێگومان ئەمە هەستی باوەڕبەخۆبوون لای گەنجان زیاتر دەکات، چونکە تا چەند مرۆڤ لە جەستەی ڕازی بێت بەڕادەی ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ دروست دەکات. ڕازیبوونی مرۆڤیش لە جەستەی بەندە بە تێڕوانینی کومەڵگە بو ئەو کەسە.

ڤان هاوار یەکێکیتر لە بەشداربووانی ئەو ڕاپۆرتە پێیوایە: ڕێکخراوەکانی ئافرەتانە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەناو ئافرەتاندا زیاتر بەرچاو دەکەون وەک لە پیاوان دەبینرێت، هۆکارەکەشی بۆ بڕوابەخۆنەبوون و تۆڕە کومەڵایەتییەکانە. من ئەو جوانکارییانە بە پێویست نازانم، هەموو مرۆڤێک جوانی تایبەتی خوی هەیە کە لایەنی بەرامبەر دەیبینێت هەڵبەت



هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



17

مائیدەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

سیستەمی فیدرالی و کۆمەڵگا فرە پێکهاتەکان (نمونەی عێراق)

کۆمەڵگا فرە پێکهاتەکان بریتییە لەو کۆمەڵگایانەی لە زیاتر لەیەک پێکهاتە پێکدێن، وەک نەتەوە و (تائیفە)و کەمەنەتەوایەتی جیاواز بەتایبەتی لە نەتەوەو ئایین و زمان و کولتووری جیاواز. کە ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە لە پێکهاتەی ئالوز پێکدێن، بەڵام پلەی ئالۆزییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قەبارەی جۆراوجۆری ئەم پێکهاتانە. ئەگەر سەیری عێراق بکەین لە سێ پێکهاتەی سەرەکی و جیاواز پێکدێن، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدێنن وەک (کوردو سوننەو شیعە)، سەرەڕای ئەم سێ پێکهاتانە ئایین و مەزهەب و زمان و نەتەوەیتر لە عێراق هەن وەک (مەسیحی و کلدو ئاشوری و کاکەی و ئێزدی و شەبەک و سائیبی و ...تاد) هەروەها زمان و نەتەوەی وەک (تورکومان و مەسیحی و کورد و عەرەب) هەیە کە هەر یەکێک لەم پێکهاتانە تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیان هەیە، شتێکی بەڵگەنەویستە هەر پێکهاتەیەک لە هەر گەل و نەتەوەیەک گرێدراوی دابونەریت و ئایین و کەلتووری نەتەوەکەی خۆیەتی. کەواتە بۆ ئەوەی دژبەیەک و پێکدادان لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا دروست نەبێت، باشترین چارەسەر بریتییە لە پەیرەو کردنی سیستەمی فیدرالی بەسەریاندا، بە پێی دەستووری عێراق دەکرێت پارێزگایەک یان چەند پارێزگایەک، کەواتە پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتەیەک پێکەوە هەرێمێک یان ویلایەتێک لە دەوڵەتی فیدرالیدا دروست بکەن.

بەگشتی لە وڵاتی فیدرالیدا هەر پێکهاتەیەکی جیاواز چ لە نەتەوە یان ئایین یان زمان یان مەزهەب لە هەرێمێکی جیاوازدا پەیرەوی ماف و ئازادییەکانی خۆی دەکات و هیچ کامێکیان ناتوانێت دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی تاکەکان لە هەرێمەکانیتری هەمان دەوڵەتی فیدرالی، چونکە هەر هەرێمێک لە رووی ناوخۆییەوە تەواو سەربەخۆ و خاوەن سەروەری ناوخۆیی خۆیەتی و خاوەن هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکەکییەکانی (یاساداناں و جێبەجێ کردن و دادوەری)یە، تەنها سەروەری دەرەکی لەدەست حکومەتی فیدرالیدایە، کەواتە هیچ هەرێمێک ناتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر هەرێمێکیتری هەمان وڵاتی فیدرالیدا هەبێت. ئەگەر سەیری هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بکەین ئەوان ناتوانن کاریگەری لەسەر ماف و ئازادییەکانی تاکی کورد بکەن، چونکە کوردستان لە رووی یاسایی و دەستوورییەوە سەربەخۆیە لە بەشەکانیتری عێراق، بەتایبەتی لە رووی ناوخۆییەوە. بۆڤونە ئەوان هیچ کاریگەرییان بەسەر داب و نەریت و ئایین و مەزهەبی کوردەوارییەوە نییە، وەک ئەنجامدانی نەریتی ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆز لە کوردستان. هەروەها بە پێچەوانەشەوە کورد هیچ کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەنجامدانی مەراسیمەکانی شیعەکانەوە نییە وەک مەراسیمی عاشورا و موحەرەم و هەموو ئەو مەراسیمانەی تایبەت بەخۆیان ئەنجام دەدەن. پێکهاتەی کورد لە عێراق هەمیشە لەدەست نەتەوەی بوونیەوە ئازاری چەشتووە. هەمیشە کۆمەڵگای عێراق لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ململانێیەکی تووندی لەگەڵ کورد کردووە. کە لەم وڵاتەدا کێشەی نەتەوەیی لە هەموو کێشەکانیتر قوڵترو گەورەتر بووە، بەتایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە ماوەی یەک سەدەی خایاند بە بیانووی جۆراوجور و بەهۆی ئەوەی دەسەڵات بەدەست پێکهاتەی عەرەبی سوننەوە بووە بە هەزارەها کێشەی سیاسی و نەتەوەیی بۆ کورد دروست کراوە تا دەگاتە جینۆساید و کیمیاباران کردنی کورد، کە تەنها لە سااڵنی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ژمارەی قوربانیانی کوردستان لە 183 هەزار کەس تێپەڕاند. بۆیە سەرەتا لە رووی زانستییەوە پێناسەی نەتەوە دەکەین بریتییە لە کۆمەڵێکی سەرەکی کۆمەڵگا فرە پێکهاتەکان کە هەندێک زانا بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (نەتەوە بریتییە لە هەست کردن بە ئینتما بوون بە نەتەوە یان کومەڵ یان گەڵەوە کە ئەم ئینتمابوونە پەیوەندییەکی پتەوی بە گەڵەوە هەیە). هەروەها زانایەکی ئینگالی بە ناوی (مانشینی) بەم شێوەیە پێناسەی نەتەوە دەکات دەڵێت: (گەل کۆمەڵێکی سروشتی مرۆڤەکانە کە ئەم کۆمەڵەیە لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بە یەکێتی خاک و نەژاد و زمان و دابونەریت). سەردەمی بەهێز کەوتنی بیروکەی نەتەوەیی لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بو چارەگی یەکەمی سەدەی نوزدەیەم، واتە سااڵنی 1821 دەست پێ دەکات و بو ماوەی یەک سەدە بەردەوام دەبێت. بەاڵم ئەگەر لە رووی فەلسەفی و زانستییەوە سەیری نەتەوە بکەین ئایا نەتەوە لەسەرچ بنەمایەک دادەمەزرێت؟ وەاڵمی ئەم پرسیارە زاناکانی دابەش کردووە بو چوار بوچوونی جیاواز: سەرەتا بە بیردۆزی ئەلمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەیەم دەست پێ دەکات، کە زانای ئەلمانی (فیختە) پێیوابوو زمان یەکەم فاکتەری بنەڕەتی نەتەوەیە. بەاڵم بیردۆزی فەرەنسی دەڵێت دروستبوونی نەتەوە دەگەڕێتەوە بو ئیرادەی تاکەکان و توانای هاوبەشی پێکەوەژیان، دامەزرێنەری ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بو فەیلەسوفی فەرەنسی (ئەرنست رینان). پەیڕەوانی بیردۆزی سێیەم پێیان وایە یەکێتی بەرژەوەندی ئابووری یەکەمین هۆکارە بو دروست بوونی نەتەوە، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە هیچ گەڵێک بەبێ ئابوورییەکی هاوبش ناتوانێت بژیت. هەروەها پەیڕەوانی بیردۆزی چوارەم دەڵێن دوو هۆکار هەیە بو دروستبوونی نەتەوە یەکەمیان زمان و ئەویتریشیان پەیوەندی میژووی هاوبەش.

لێرەدا ئەگەر سەیری کوردستان بکەین ئایا بنەمای دروست بوونی نەتەوە دەگەڕێتەوە بو کام لەم بیردۆزانەی باسمان کرد؟ من پێموایە یەکەم زمان و دواتریش بنەمای پێکەوەژیانی میژووی هاوبەش لەگەل پێکهاتەکانیتری ناو کوردستان. کە هەزاران ساڵە کوردستان چەندەها پێکهاتەی جیاواز لە زمان و ئایین و مەزهەب و نەتەوە و نەژادی جیاواز لە خۆ دەگرێت و میژوو و ئابووریەکی هاوبەشیان هەبووە و لە هەر خوشی ناخوشیەکدا هاوبش بوونەو بو ماوەیەکی درێژ پێکەو ژیاون.

ئەگەر بە گشتی سەیری نەتەوە بکەین دەبینین هەستی ئینتما بوون بە نەتەوە بەخۆی لە نێوان تاکەکاندا دروست دەبێت، بەبێ هۆکاری ناسروشتی وەک بانگەشە و فێر کردن و یاسا و ...تاد، بەڵکو وەک هەر دیاردەیەکیتری کۆمەاڵیەتی ئەم هەستەجێگیرە لە دەروونی ئەو تاکانەی لە شوێنێکی تایبەت دەژین و هاوبەشن لە رووی میژووی و کولتووری و شارستانی و پەیوەندییە کۆمەاڵیەتیەکان.




سەگڤان هالو

ڕەوشی سیاسی ناهەمواری خورهەاڵتی ناڤین و کاریگەری لە سەر دۆزی کورد

ڕووداوە سیاسیە یەک لەدوای یەکەکانی ناوچەکە وەک هێرشی تورکیا بو سەر ڕۆژئاوای کوردستان و خوپیشاندانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عیراق و دواتر ناڕەزایەتیەکانی گەاڵنی ئێران دژ بە ڕژێمی سیاسی ئێران. هەموو ئەمانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕەوشی سیاسی ناوچەکە ناهەمواروە ئاڵوزە و ڕووی لە وەرچەرخانێکی سیاسی و گوڕانکاری سیستەمە کالسیکەکانە. سیاسەتی خوسەپاندن و حوکمی ڕەهای ئەم دەوڵەتانە لە ناوچەکەو بە تایبەت دەوڵەتە هاوسنوورەکانمان دوخی سیاسی نێوخوی ئەم وڵاتانە لە ئاراستەی ئاسایی خۆی بردوتە دەرەوە لە ڕووی سیاسی، ئابوری کومەاڵیەتی ...تاد.

بەو مانایەی کە ئەم ڕژێمە دیکتاتورانە نەک هەر نەیانتوانیوە خزمەت بە خەڵکی خویان بکەن لە ڕوی خزمەتگوزاری و بارو گوزەرانی ژیان بەڵکو ستەمێکی گەورەیان دەرحەق بە میللەتی خویان کردووە لە ئاکامی خراب بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان ژێرخانی ئابووری و سیاسی و کومەاڵیەتی کاوڵ و وێرانیان کرووە، ئەمەو پەتای گەندەڵیش سەرتاپای دەستەاڵتدارانی ئەم دەوڵەتانەی گرتوتەوە، ئەمەش وای کردووە کە ئیتر خەڵک چیتر بەرگەی دوخێکی وەها ئاڵوز نەگرێت و دەنگ هەڵبڕن. بە ئامانجی گوڕینی ڕژێمە ستەمکار و دیکتاتورەکانیان.

شایانی باسە سەرهەڵدانی دوخێکی نااەباری لەم شێوەیەو ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی ڕژێمەکانیان ئاماژەیە بۆ سەرەتای گۆڕینی نەخشەی جوگرافی سیاسی لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی جوگرافی ناوچەکە بویە پێویستە کوردیش وەک نەتەوە کە دۆزەکەی بەشێکی سەرەکیە لە ناوچەکە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو دەبێ لە ئامادەباشی تەواو دابێت چونکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ ڕەوشەکە کاریگەری لە سەر دۆزی کورد دەبێت بە گشتی، بۆ ئەمەش یەکدەنگی و تەبایی کوردو مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە کەناری ئارام نزیک دەکاتەوە.



بەشێنەیی
کاروان محەمەد سینۆ

هاتنی مایک پێنس بۆ کوردستان

ڕۆژی شەممە 23ی نۆڤەمبەر، بەسەردانێکی کتوپڕ ڕانەگەینراو، (مایک پێنس) جێگری سەرۆکی ئەمریکا گەیشتە عێراق. سەرەتا (پێنس) لە بنکەی سەربازی ئەمریکی (عەین ئەلئەسەد) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای عێراق دابەزی و لەوێوە بە تەلەفۆن پەیوەندی کرد لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق و دۆخی ئەمرۆی عێراق و قەیرانی خۆپیشاندانەکان و هەڵموونی ئیران بەسەر عێراق لەگەڵی تاوتۆکرد. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە ڕێگای فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی گەیشتە هەولێری پایتەخت و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان کۆبووەوە.

هەڵبەت ئەمڕۆ کوردستان ژمارەیەکی گرنگ و کاریگەرە لە هاوکێشەی سیاسی عێراق و ناوچەکە بەگشتی. هەروەها پێگەی جوگرافی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە (یەدەگی نەوت و گاز) هەرێمی خستۆتە سەر نەخشەی ئابووری جیهان و ئێستا کوردستان کارەکتەرێکی کاریگەرە لە سیاسەت و سیاسەتی ووزە لەجیهاندا. بێشک سەردانی (مایک پێنس) جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق و کوردستان لەم ساتە و ئانەدا و بەم شێوەو شێوازە، هەڵبەت ئەم سەردانەی (پێنس) هەرئاوا کوتوپڕ ڕەمەکی و بێ بەرنامە نەبووە، بەڵکو سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ)و دەست و پەیوەندەکان لە نێو کۆشکی سپی، زۆربەڕوردی بەرنامەو کات و شوێنی ئەم سەردانەی (پێنس)یان دارشتووەوە تەنانەت گوتارو ڕەفتارەکانی (پێنس)یش پێشوەختە بە وردی دیارو دەستنیشانیان کردووەو (مایک پێنس)یش وەکو بەرپرسێکی باڵای حکوومەتی ئەمریکا ئەم گەشتە سیاسیەی ئەمریکای بۆ ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بەجێگەیاند.

هەڵبەت ئەم سەردانەی (مایک پێنس) جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کوردستان، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و هەروەها لەالیەکی دیکەشەوە گرنگی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە بۆ خودی دەسەاڵتی ئێستای ئەمریکا (ترامپ و پێنس)و تیمەکەیان.

گرنگی ئەم سەردانەی (پێنس) بۆ کوردستان لەوەدایە کە: دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتوبەر 2017و لە ئەنجامی بێ هەڵوێستی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ بەرامبەر هێرشەکانی میلیشیای حەشدی شەعبی و هاندەر و هاوپەیمانەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەروەها لە 9ی ئۆکتوبەری 2019 لە خیانەتێکی چاوەڕواننەکراودا، کتوپڕ دۆناڵد ترامپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایدا لە ڕۆژاڤای کوردستاندا، ئەمەش بووە ئەگەری ئەوەی تورکیا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاڤای کوردستان و بەسەدان کورد کوژران و بە هەزاران بریندارببوون و سەدان هەزارکەس و ماڵباتی کورد ئاوارەو دەربەدەربوون و لە هەمان کاتدا ڕوسیا هەژموونی خۆی لەو دەڤەرەدا توکمە و کاراتر کرد. ئینجا دواتر دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە گوتارێکیدا گوتبووی: "ئێمە پارەو چەکمان بە کورد داوە". ئەم گوتەی دۆناڵد ترامپ دڵگرانی و کارگەرییەکی زۆرنەرێنی لەسەر ناخ و ویژدان و دەروونی هەرتاکێکی کورد دروستکرد، تا ئەوڕادەی سەرۆک مسعود بارزانی لە نامەیەکی کراوەدا وەاڵمی دۆناڵد ترامپی دایەوە و بەڕێزیان فەرموی: "خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە ". هەڵبەت ئەم بۆیەر و ڕووداو و هەڵوێستانەی دۆناڵد ترامپ ببووە ئەگەری ئەوەی جۆرە سستییێک بکەوێتە نێو پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیدارەی دۆناڵد ترامپ (نەک وڵاتی ئەمریکا)، وێدەچی دواجار دۆناڵد ترامپ و تیمەکەی لە کۆشکی سپی ئەمریکادا هەستیان بەم سستییەی پەیوەندییەکان کردبێ و هەستیان بەوە کرد کە خیانەتیان لە کورد کردووەو دڵی یەکەیەکەی تاکی کوردیان نێشاندووە. بۆیە ئەگەرو ئامانجی سەرەکی سەردانی (مایک پێنس) بەم شێوەو شێوازە بۆ ئاشتکردنەوەو دڵدانەوەو دڵنیاییکردنی کورد بووە لە دۆستایەتی ئەمریکاو بەردەوامی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.

لەالیەکی دیکەوە ئەم سەردانەی (مایک پێنس) جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کوردستان سوودو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دۆناڵد ترامپ و تیمەکەی لە کۆشکی سپیدا، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەسایەی سیاسەتی دۆناڵد ترامپ هەژموونی ئەمریکا لە سووریاو تورکیاو عێراق و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست زۆر الواز بووەو کۆنگرێسی ئەمریکا هەستیان بەم الوازییەی ئەمریکا کردووە لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا. هەروەها ئێستاکە دۆناڵد ترامپ وەکو سەرۆکی ئەمریکا پێگەی جەماوەری خۆی لەدەستداوەو و خودی ترامپ مەترسی ئەوەی هەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی 2020 کورسی سەرۆکایەتی ئەمریکا بەدەست نەهێنێتەوە. ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە ئەمڕۆ دۆناڵدترامپ لەژێر هەڕەشەی الیرەنە لەالیەن کۆنگرێسی ئەمریکا. لەبەر ئەمە دۆناڵد ترامپ هیوایەکی بەم سەردانەی (مایک پێنس) بەستووە وەکو پێشڤەچوونێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو بەڵکو چەند خاڵێک کۆبکاتەوە لە کێبرکێیی دووبارە گەیشتن بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە 2020. دەکرێ بڵێن بەشێوەیەکی گشتی ئەم سەردانەی (مایک پێنس) سەرکەوتووبوو لە مژاری دڵنیایی و تۆکمەکردن و پێشڤەبرنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و ئەمریکا.

ماوە بەشێنەیی بڵێم... کە ئەم سەردانەی (مایک پێنس) سەردانێکی دیپلۆماسی و دڵنەوایی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان بوو. واچاکە ئێمە وەکو میللەتی کورد زیاتر لە قەبارەی خۆی بەم سەردانە نەبەخشین و هیواو و ئاوات و خەونی ڕەنگاو ڕەنگی خۆمان سەدلەسەد هاوبەستە نەکەین بەم سەردانە. بەڵێ ڕاستە سەردانێکی دیپلۆماسی سەرکەوتووبوو و دەتوانم بڵێم دەکرێ بیێتە ئەگەرو فاکتەری گەڕانەوەی دۆستایەتی و متانەو هاوکاری نێوان هەردوولا ئەگەرچی دوارۆژی دۆناڵد ترامپ ئێستاکە مسۆگەر نییە، بەاڵم دەبێ لەمەودوا شتەکان وەکوخۆیان بخوێنینەوەو وەکوخ ژیان هەڵسەنگێنین و وەکو خۆیان مامەاڵیانە لەگەڵدا بکەین.

مديرية تنفيذ أربيل
العدد: ٢٠١٩/١٥٨٤
التاريخ: ٢٠١٩/١١/٢٥
الى المدين (احمد صلاح جواد)
نظرا لمجهولية محل اقامتك وبموجب المادة (٤٣/الفقرة ٩) من قانون الأحوال الشخصية نقرر اعلامك عن طريق الجريدة الرسمية بتوجب حظورك امام هذه المديرية خلال مدة أقصاها (٦٠) يوما اعتبارا من تاريخ النشر وذالك لاداء الديون المترتبة بذمتك للدائنة (زبيدة مؤيد عباس) والمبالغ مجموعها (٦٢٥,٠٠٠) ستمائة و خمسة وعشرون الف دينار بعكسه ستم اتخاذ الإجراءات القانونية بحقك.
منفذ عدل
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المفقود : عماد حميدي سليمان
قدم السيد / زيدان حميدي سليمان طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو المفقود : احمد خلف احمد
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (ايلخان خلف احمد) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی دوو کۆشک ژمارە ٢ دوو و ٣ سێ لە پارکی (شانەدەر/١) یەک لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەک ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٦ لەنا دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمينات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٨٠١/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سەرهەد حمد مولود)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار (شادیە محمد احمد) داوای ژمارە (٤٨٠١/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقة) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی نێرگز) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/١٦ بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٨٠٢/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سەرهەد حمد مولود)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار (شادیە محمد احمد) داوای ژمارە (٤٨٠٢/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفريق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی نێرگز) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/١٦ بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٢٤٩٧/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بلند محمد علی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سانا کاوە فاریق) داوای ژمارە (٢٤٩٧/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تعويض طلاق) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ئەفسەران) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٢٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٢٤٩٨/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بلند محمد علی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سانا کاوە فاریق) داوای ژمارە (٢٤٩٨/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقة العدة) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ئەفسەران) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٢٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسين كريم
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٣٥١٠/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٦/١١/٢٠١٩
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٣٢/١٨ کە کەوتوەتە سەر لەجیاتی قەرزی ژیان عارف عبدالله بەبڕی/ ١٠٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کرێیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٣٢/١٨ ك تعجيل اسلام
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانووەکی دوو ڕووڕو حمام و مرافق و مطبخ لە خوارەوە لەسەرەوەش (١) ژوورو و ژێرزەمین
٥ – ڕووبەرەکەی/١٣٧,٣٤ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٣٥١٠/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٦/١١/٢٠١٩
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٣٢/١٠ کە کەوتوەتە ك تعجيل اسلام دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کمال داود حسن کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی ژیان عارف عبدالله بەبڕی/ ١٠٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کرێیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٣٢/١٠ ك تعجيل اسلام
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانووەکی دوو ڕووڕو حمام و مرافق و مطبخ لە خوارەوە لەسەرەوەش (١) ژوورو و ژێرزەمین
٥ – ڕووبەرەکەی/٦٣,٦١ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٤٠,٠٠٠,٠٠٠ چل ملیۆن دینار.
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٤٠٠/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٥
جاردان
بۆ داوالێکراو محمد خليل رشيد
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٤٠٠/ش٢٠١٩/٢ وە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٧ بڕیاریدا لەسەر (بژێوی خۆی و منداڵەکەی) لەنێوان تۆ و داواکار ایمان مامند مولود لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی رزگاری بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسين كريم
***

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (هنداف ٢) بۆ (گواستنەوەی کەل وپەلی خۆراك / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەدەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / ریبر محمد نظیف
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٢١٢٥

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ژیان) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەدەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / رهوان یوحنا عودیشو
ناڤ ونیشان / دهوك - شارع نوهدرا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٠٩٢٧٨

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٨٦٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی بریکاری دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (Swedish Trade Council Business Support Office A.B)ی سویدی (للمساعدة الشركات السويدية خارج البلاد فى الانشاءات و الاعمال التجارية و المواضيع الاخرى ذات صلة/ المحدودة) راستێندراوە لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ولاتی (سوید) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٤) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (ئازاد طیب عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

لإنشاء إتفاقية توفير حراس أمنيين من دولة ثالثة لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة - العراق

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لإنشاء إتفاقية توفير حراس أمنيين من دولة ثالثة لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة لمدة عامين قابلة للتجديد (2 + 1) لصالح مكتب مفوضية الأمم المتحدة لشؤون الاجئين في بغداد.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/470	**إنشاء إتفاقية توفير حراس أمنيين من دولة ثالثة لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة لمدة عامين قابلة للتجديد (2 + 1) لصالح مكتب مفوضية الأمم المتحدة لشؤون الاجئين في بغداد**	https://www.ungm.org/Public/Notice/100701 **كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى** **IRQBASUP@UNHCR.ORG** **والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب** HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/470

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
تاريخ طرح العطاء	2019/11/24
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	2019/12/07 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	2019/12/21 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات.
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل ***IRQBASUP@UNHCR.ORG***

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

لإنشاء إتفاقية توفير حراس أمنيين من دولة ثالثة لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة - العراق

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لإنشاء إتفاقية توفير حراس أمنيين من دولة ثالثة لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة لمدة عامين قابلة للتجديد (2 + 1) لصالح مكتب مفوضية الأمم المتحدة لشؤون الاجئين في بغداد.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/470	**إنشاء إتفاقية توفير حراس أمنيين من دولة ثالثة لمكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون الاجئين في محافظة نينوى - مكتب برطلة لمدة عامين قابلة للتجديد (2 + 1) لصالح مكتب مفوضية الأمم المتحدة لشؤون الاجئين في بغداد**	https://www.ungm.org/Public/Notice/100701 **كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى** **IRQBASUP@UNHCR.ORG** **والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب** HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/470

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
تاريخ طرح العطاء	2019/11/24
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	2019/12/07 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	2019/12/21 الساعة 23:59 بتوقيت بغداد

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات.
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل ***IRQBASUP@UNHCR.ORG***

دادگای باری کەسی هەولێر/۲
ژمارە:٤٣٥٩/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٥
جاردان
بۆ داوالێکراو محمد خلیل رشید
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٣٥٩/ش/٢٠١٩/٢ وە لەرێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٧ بڕیاریدا لەسەر (التفریق للهجر) لەنێوان تۆ و داواکار ایمان مامند مولود لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مۆختاری هەولێر/ گەرەکی رزگاری بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسین کریم
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ٢١٣٦/ب/٢٠١٩/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رواد کوردستان سەرەرای کارەکەی)
داواکار (انعام عبدالرحمن علی) داوای ژمارە (٢١٣٦/ب/٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رواد کوردستان سەرەرای کارەکەی) ئەم دادگایە لە دابینی ڕۆژی (٢٠١٩/١١/٢٠) بڕیاری دا بەپابەند کردنت بەدانی برە پارەی (٣١٠٠) سێ هەزارو سەد دۆلاری امریکی بەرامبەر بە (٣٧٢٩٣٠٠) سێ ملیۆن و حەفت سەدو بیست و نۆ هەزار و سێ سەد دیناری عیراقی لەگەڵ خستنە ئەستۆی تێچووی داوا ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ ناحیەی عینکاوە گەرەکی عشتار و حدیاب) لە ٢٠١٩/١٠/٢ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لە ماوەی یاسایدا لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ حسین علی محمد
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢٧٨٨/ ب٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (otokoc IRAQ)
داواکار (احمد طیب جهور) داوای ژمارە ٢٧٨٨/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە بەناوکردنی ئۆتۆمبێلی ژمارە ٣٦٦٢٠/اربیل کرێ (جۆری نیسان سفلیان باص) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/ شوقەکانی MRF) لە ٢٠١٩/١١/١٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دابینی (٢٠١٩/١٢/١١) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دابینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادەر/ محمد بهاء الدین عبدالله
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی دوو
ژمارە: ١٧٣ - ٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگاداری نامە
بۆ/تۆمەتبار/ ن.ع: احمد یاسین حسن سوارە
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ دادگاکەمان بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی (٣٥/ سێ یەم و ٦٣ لە یاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) لەسەر تاوانی (هەڵهاتن و بردنی چەك و عیتاد تایبەت بە خزمەتی سەربازی) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیامانداوە ئاگادارت بکەین بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لەبەرواری هەڵواسینی ئاگاداری نامەکەت لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت وە بە پێچەوانەوە دادگایی ئەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا وە هەموو مالّی گوازراوە و نەگوێزراوە (الاموال المنقولة و غیر المنقولة)ت دەستی بەسەردا دەگیرێت وە, وە هەموو فەرمانبەرێکی گشتی پابەندە بەدەستگیرکردنت وە هەر کەسێك زانیاری هەبێت دەربارەی شوێنی خۆشاردنەوەت پابەندە بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی سەربازی.
ناونیشان:
پارێزگا/ کرکوك
عمیدی مافپەروەر/ عبدالرحمن ملا محمد طاهر
سەرۆکی دادگایی سەربازی دوو
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی
تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی
بەشی یاسا
ژمارە: ٩٠٤٤
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٥
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا
لەسەر داوای بەرێز بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (کاوان محمد عبدالرحمن) لە کۆمپانیای (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەسی) وە ئامـاژە بە کۆنوسی بریاری کۆمپانیا لە (٢٠١٩/١١/١٦) کە تیایدا بریار دراوە بە * پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەسی) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.
* دامەزراندنی بەرێز (رێبوار محمد عبدالرحمن) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا. بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێمان دراوە پالپشت بە ماددەی (١٤٧ ، ١٥٨ ، ١٦٠) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ی سالّی ١٩٩٧ زاینی وە ماددەی (١٤٧) برگەی یەکەم و دووەم و سێ هەم و چوارەم هەموارکراو پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بریاری ڕەزامەندیماندا بە:-
* پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەسی)
* دامەزراندنی بەرێز (رێبوار محمد عبدالرحمن) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا. تا بەپێی ماددەی (٢٠٦) لە هەمان یاسای ئامـاژە پێ کراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.
سۆران احمد اسماعیل
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی
***
شرکة کاوان محمد عبدالرحمان للتجارة العامة و تجارة السیارات/ مشروع فردی
رأسمال الشرکة (١,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار عراقی
ژمارە: ٣
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
کۆد: ٤٧٨٧
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان من (رێبوار محمد عبدالرحمن) کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری (کاوان محمد عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پرۆژەی تاکەکەسی) ئیشعاری کارگێڕی کەمپی قوشتەپە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەیناوخۆ وە تۆم افی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
لەگەڵ ڕێزدا..
دادەر/معتصم امین لیلانی
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/١٥٤١
رێکەوت/٢٠١٩/١١/٢٤
ڕاگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٥١/١) کەرتێ (٩٥/جبل دهوك) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومارکریە بناڤێ قەردار (مهدی نوری سلیم) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (ادیب سلمان سعید) بکوژمێ (٧٥٦٠٢٤٠٠) حەفتێ وپێنج ملیون وشەش سەد ودوو هزار وچار سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سەد وچل وچار ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە(٥١/١) کەرتێ (٩٥/جبل دهوك) جور پێك هاتیە ژ دوو خانیێن ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ دوو خانیێن ئاکنجیبوونێ خانیێ ئێکێ دوو قاتە قاتێ ئەردی پێك دهێت ژ ئێك دوکان وژورەکا نفستنێ وپێك هاتێن ساخلەمێ وقاتێ ئێکێ هیکل غیر متکامل وپێك دهێت ژ شەش ژورا وهۆل داخلی وپێك هاتێن ساخلەمێ ولێنانگەە وخانیێ دووێ ئێك قاتە پێك دهێت ژ ژۆرەکا نفستنێ وپێك هاتێن ساخلەمێ دگەل دوکانەکا گەڤن دکەڤیتە سەر دوو شارعێن فەرعی نە موبەلەت (١٢م) و(٦م٢) واجیهە جەنوب و شمال روبەر (٣٠٨,٦٥)م٢ کوژمێ خەملاندی (١٤٤٠٠٠٠٠٠) سەد وچل وچار ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئامێدیێ/ کاروبارێن یاسایی
ژمارە: ٧٦٤/٣١١/١٢/١٢
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/٢٦
بەلاڤکرنا هوشداریێ
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئامێدیێ هوشداریێ ددەتە لایەنێ دوویێ هاولاتی (پیان عبدالستار حسین) سەبارەت گرێبەستا بەرخوریێ ئەوا هاتیە ئیمزاکرن دگەل باژێرڤانیا مە ل ٢٠١٦/٣/٢٧ بو ئافاکرنا بالەخانەکێ بدووقاتا لسەر پارچا ژمارە (١١٢٨/روبال العامدیە) و ب ڕووبەرێ (٧٠٠م٢) پێتقی یە دماوێ ئێك هەیڤ دا ژ ڕوژا بەلاڤکرنا ڤی هوشداریێ دەست بکارێ ئافاکرنێ بکەی و کریێن خو ئەدا بکەی، ئەگەر ماوێ دەست نیشان کری ب دوماهیك هات دێ گرێبەست هێتە هەلوەشاندن و بەرپرسیاریا یاسایی کەڤیتە سەر لایەنێ دوویێ دگەل هەمی خەرجیا بو زانین و یا پێتڤی.
ئەندازیار/ افراح حسن محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا ئامێدیێ
***
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوە
مرۆییەکان
ژمارە: ٢٩٣٦/٥٤/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٦
بۆ/ بەرێز (ساری صلیوا مجید)
بەناونیشانی (ئەندازیار/ معید) لەبەشی تەلاسازی لە کۆلێژەکەمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
دوابەدوای نووسراومان ژمارە ٢٨٧٩/٥٤/٧ لە ٢٠١٩/١١/٢٠ تایبەت بە نەهاتنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣ کە رێکەوتی تەواوبوونی مۆڵەتی بێ موچەتە وە دەست بەکارنەبوونەوەت لە کارەکەت تاوەکو ئێستا بۆیە داواکارین بە گەرانەوەت بۆ سەر کارەکەت لەماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە دەست بەردار دادەنرێت لەکارەکەت بەپێی برگە (٢) لەیاسایی ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) سالّی (١٩٦٠) ڕاستکراو کۆتایی بەراژەکەت دەهێنرێت.
پ.ی.د. نژاد احمد حسێن
راگر
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Swedish Trade Council Business Support Office A.B) (للمساعدة الشرکات السویدیة خارج البلاد فی الانشاءات و الاعمال التجاریة و المواضیع الاخری ذات صلة/ المحدودة) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

DNO
EST - 1971

Job Title	Rigging & Lifting Advisor-Fixed Term
Work Location	Field (Tawke)

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Rigging & Lifting Advisor is a site-based position. He/she is responsible for all Rigging & Lifting activities carried out on DNO Kurdistan sites. He/she also ensures adherence to DNO and regulatory rigging & lifting requirements by providing auditing and technical input when the requirement is identified. He/she will also be responsible for inspecting both DNO and contractor equipment.

Please check out the vacancy on below provided link to read further details of the job responsibilities.

Required Qualifications & Experience:

15 years lifting & rigging experience with 5 years at a senior level
Stage 3 crane operator certificate
Crane/rigging certification
Level 3 rigger certification
Banksman/Slinging certification
Experience in Level 2 risk assessments
Oil and Gas experience

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior Drilling Supervisor
Work Location	Field (Tawke)

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Senior Drilling Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

Please check out the vacancy on below provided link to read further details of the job responsibilities.

Required Qualifications & Experience:

• 20 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of 10 years as Drilling Supervisor.
• A valid IWCF Certificate.
• H2S Awareness Training and Certification
• Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations
• Demonstrates commitment to HSSE policy and statement and knows and understands expectations as detailed in the HSSE Management System.
• Develops highly positive relationships with both field and office teams.
• Demonstrates highly effective communication skills e.g. operational reporting, high visibility, working relationships.
• Looks beyond the obvious in problem solving.
• Applies sound judgement in decision making – seeks input of Drilling Superintendent in relation to unplanned/non-routine activities
• Ensures cost effective use of services and equipment.
• Maintains a strong focus on progress towards achievement of objectives.
• Demonstrates a high level of competence in leading others.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



ئاسایشی ناوچەی کەنداو..
ئەمەریکا و فەرەنسا لە کێبڕکێدان

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

دوای هێرشەکانی سێپتەمبەری ئەوساڵ بۆ سەر دامودەزگە نەوتییەکانی سعودیە کە ئەمەریکا کۆماری ئیسلامی تێدا تۆمەتبارکرد ، هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا سەرقاڵی بەهێزکردنی سیستمی رادارەکانیانن لە مەملەکەتی عەرەبی سعودیە.. لەو بارەوە هەریەک لە وەزیری بەرگری فەرەنسا و فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆربەندێکدا لە بەحرێن دووپاتیان کردەوە، هەریەک لە وڵاتەکانیان شێوازێکی تایبەتیان لە بواری دەریاوانی لە ناوچەی کەنداو گرتووەتە بەر لە هەمبەر ئێران و خەریکە کێبڕکێیانە لە سەر بەهێزکردنی ئاسایشی ناوچەی کەنداو.

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر گەورەترین هێرش بۆ سەر دامودەزگە نەوتییەکانی سعودیە ، تاکو ئێستا نە مەملەکەتی عەرەبیی سعودیە و نە ئەمەریکا نەیانتوانیوە بەڵگەیەکی تەواو بخەنە روو کە ئێرانی تێدا تۆمەتبار بکەن بەو هێرشانە. هاوکات سعودیەش نەیتوانیوە هیچ روونکردنەوەیەک بدات لە هەمبەر بێ توانایی بەرگری ئاسمانی سعودیە بەرامبەر بەو هێرشانە.لە بەرانبەردا، کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمەتی ئەو هێرشە ڕەتدەکاتەوە کە کرایە سەر دامودەزگە نەوتییەکانی سعودیە و بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان ببێتە نیوە، ئەوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ناچار کرد هێزێکی زۆر بێنێتە ناوچەی کەنداو بە بەهانەی پاراستنی جموجۆڵی دەریاوانی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ژەنەراڵ کینس ماکینزی کە سەرپەرشتیاری ئۆپەراسیۆنەکانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باشوری ئاسیا گوتی، بەردەوامین لە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەو هێرشەی کە کرایە سەر دامودەزگە نەوتییەکانی سعودیە و چاوەڕوانی مەملەکەتی عەرەبی سعودیە دەبین بزانین چ بڕیارێک دەدات. گوتیشی لەگەڵ سعودییەکان بەردەوام کاردەکەین بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمەکەیان بەتەواوەتی بەیەکتر ببەستنەوە تاکو لە توانای سعودیە دابێت بەرەنگاری هەموو ئەو هێرشە مەترسیدارانە ببێتەوە کە دەکرێتە سەری.

ژەنەراڵ ماکنزی گوتیشی، زیدەکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە بنکەی ئەمیر سولتانی ئاسمانی لە باشوری شاری ریاز، لەگەڵ بوونی بنکە سەربازییەکانی دیکە لە هەریەکە لە قەتەر و بەحرێن وادەکات توانای بەرانبەر ئاڵۆزتر بێت لە پێکانی ئامانجەکانی لە ناوچەکە.


لەلایەکی دیکەوە وەزیری بەرگری فەرەنسا خاتوو فلۆرینس بارلی گوتی، پاریس بە شێوەیەکی جیا گرووپێکی بەهێزی سیستەمی رادارای دەنێرێتە سعودیە، لەنێوانیاندا سیستەمی رادارای بەگریکردن بۆ ئەو هێرشانەی کە لە بەرزاییەکی کەمەوە ئەنجام دەدرێن. دواتر ئاماژەی دا لە چەند ڕۆژی داهاتوو ئەو سیستەمە بەرگرییە دەگاتە سعودیە و بە زووترین کات دەیخەنەکار، بەڵام پێش ئەوە پێویستە ئەو بۆشاییانە بدۆزینەوە کە بوونیان هەیە و لە ڕێگەیانەوە هێرشی پێشووتر ئەنجام دراوە.

هێورببوونەوەی باگرژییەکە

عادل ئەلجوبەیر، وەزیری دەوڵەتی سعودیە بۆ کاروباری دەرەوەی لە کۆنگرەی دیالۆگ لە مەنامە گوتی، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان، سعودیە دوای ڕاوێژکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ڕێکاری پێویست دەگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران، بەڵام ئەلجوبەیر کاتی دیاری نەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕێکارانە. لە کۆنگرەکەدا زۆربەی کات جەخت لەسەر هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێران کرایەوە، کە هەرچەندە ئێران تێیدا ئامادە نەبوو، وڵاتانی ناوچەکە و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە کۆنگرەکە رای جیاوازیان هەبوو لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و مەترسییەکانی لەسەر ناوچەکە. بەتایبەتیش دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ساڵی 2015 لەگەڵ ئێران. فەرەنسا دەیەوێت ڕێککەوتننامەکە زیندوو بکاتەوە و مەملەکەتی عەرەبی سعودیەش نارازیبە لەسەری چونکە گرەنتی نییە بەرانبەر موشەکە بالیستییەکانی ئێران، بەو پێیەی ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە وەرددەدات.بارلی گوتیشی ئێمە تێبینی کشانەوەی لەسەرخۆی ئەمەریکامان کردووە، کاتێک بێ دەنگی نیشاندا لە هەمبەر هێرشی کیمیاوی سوریا بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆن ساڵی 2013 هەروەها هیچ پەرچەکردارێکی نەنواند کاتێک ئێران فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی ئەمەریکای تێکشکاند و خستیە خوارەوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لەو بارەوە هەنگاوێک بنێین، ئاماژەی دا بەوەی کە فەرەنسا هەوڵ دەدات ئەرکێکی دەریاوانی ئەوروپی لە ناوچەکە دروست بکرێت و شێوازی بەکارهێنانی گوشاری زیاتر لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ سەر ئێران کەم بکرێتەوە و ڕەوشەکە بەرەو هێورببوونەوە ببرێت. بارلی بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، ڕەنگە ئەو دەستپێشخەرییە لە سەرەتای ساڵی 2020 دەست پێ بکەین و نێزکەی 10وڵاتی ئەوروپی و غەیرە ئەوروپی تێیدا بەشدار دەبن.تاکو ئێستاش هەریەک لە ئەلبانیا و ئوستڕالیا و بەحرێن و سعودیە و ئیمارات و بەریتانیا بە ڕابەرایەتی ئەمەریکا بەشداریان کردووە لە ئەرکی دەریاوانی و پاراستنی ئاسایش و جموجۆڵی دەریاوانی لە ناوچەکە .

سەرچاوە: ڕۆیتەرز

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1942:
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا ، کەشتیگەلی فەرەنسی لە ترسی هێرشی نازیەکان خۆی گەیاندە کەناراوەکانی جەزائیر .



ساڵی 1969:
شەڕ لە نێوان سعودیە و کۆماری یەمەنی دیموکراتی بەرپا بوو .



ساڵی 1983:
لە نزیک فڕۆکەخانەی مەدرید ، فڕۆکەیەک کەوتە خوار و 181کەس گیانیان لەدەست دا .



ساڵی 1984:
لە ساڵی 1967وە بۆ یەکەم جار ئەمەریکا باڵیۆزی خۆی گەڕاندەوە عیراق .



ساڵی 2007:
کۆنگرەی ئەناپۆلس بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساز کرا .



ساڵی 2008:
بە زۆربەی دەنگ ، پەرلەمانی عیراق بڕیاری دەربارەی ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئەمەریکا دا .

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/11/27 ژمارە (5880)
خەبات



ئاشتیی یەمەن
بە دەست ئافرەتەکانیەتی

کاترین شاکدام

ئافرەت بە درێژایی سەردەمەکانی کۆن و نوێ، بە بەشداریکردنی کارای لە زۆربەی بوارەکاندا ناسراوە، وەڵی شاعیر، شاژن، فەقێ، جەنگاوەر و هونەرمەندی گێڕاوە. بەڵام ژینواری ئافرەتی یەمەنی، هێشتا خەمۆکیباڕە، چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی توندڕۆکان، بەدەست جیاکارییەکی تونددەوە دەنالێنێت. لە درێژترین سەردەم لە میژووی کۆماریدا، کە لە ساڵی 1962دەستی پێ کردووە، یەمەن، زۆری بەدەست تونددوتیژی و نەبوونی ئاسایش نالاندووە، بەهۆی ململانێی چەکداریی دووبارە و تازە سەرهەڵدراو، لەگەڵ تیرۆر، تونددڕۆیی، ئاستی پێوانەیی لە پەڕاگەندەبوونی بەکۆمەڵی دانیشتووان، بڵاوبوونەوەی برسیەتی و تەشەنەکردنی نەخۆشییەکان. ئەو قەیرانە ئەستەمەی یەمەن پێیدا تێدەپەڕێت، تەنیا دووڕەهەڕێزی نییە، بەڵکو بووەتە نیشانەکانی دەردێکی بەر بڵاو. لە راستیدا،سەدەی بیست و یەکەم، ئاکاری تونددوتیژی و نەبوونی سەقامگیری سیاسیی وەرگرتووە. وەکو ڕاگەیاندراوەکانیش دەری دەخەن، شێوازەکانی دروستکردنی پێوانەیی ئاشتی، لە چارەکردنی ئەو جۆرە ئاراستانە، کارا نین، چونکە نزیکەی نیوەی ڕێکەوتنەکانی چارەکردنی ململانێیەکان، ئەوانەی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کراون، لە ماوەی پێنج ساڵ لە دوای واژووکردنیان، شکستیان هێناوە.

کاترین شاکدام

مەترسی جەنگی ئەهلیی

ڕێژەی هەرخلیسکان بەرەو جەنگەکانی ئەهلیی لە جیهاندا، بە شێوەیەکی نیگەرانبار لە بەرز بوونەوە دایە، بە جۆرێک 90% جەنگەکانی ئەهلیی لە هەزارەی سێیەمدا لەو ووڵاتانە بووە، کە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، بە کردەوە جەنگی ئەهلییان بەخۆوە دیووە. ئەوە ئەو ژینوارەیە کە دەبێت هەموو لایەنەکان، ئەوانەی هەوڵی گەیشتن بە ئاشتی لەیەمەن دەدەن، تێی بگەن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، دەبێت بەسەر مەترسی کەوتنە نێو ئەو گێژەلوکە زاڵ بن. ڕەوایە بڵێین، ئەگەر چارەیەکی ڕاستەقینە لە ڕێگەی دانوستانەکان نەدۆزرێتەوە، بیرکردنەوەیەکی جیاواز، بۆ بەرپاکردنی ئاشتی و ئاسایش لەسەر گۆڕەپانی یەمەن، دەبێتە شتێکی پێویست.

ئافرەتانی یەمەن

لەوانەیە یەمەن بکەوێتەوە سەر پێی خۆی، لە میانی ئەو چارە دیمۆگرافییەی، کە چەندین دەیەیە پشتگوێ خراوە، ئەویش ئافرەتانی ئەو ووڵاتەیە. لە ساڵی 2016 دا، بەنکی نێودەوڵەتی مەزەندەی کردووە، ژمارەی مێینە لە یەمەن 49.8%لە کۆی تەواوی دانیشتووانە. پێشبینیش دەکرێت ئەو ڕێژەیە ئێستا گەیشتبێتە 51.%بە درێژایی دەیەکان، ئافرەتانی یەمەن پشتگوێ خراون، لەبەر ئەوەی ڕێگەشیان پێنادرێت، بەشداریی لە بڕیارەکانی سیاسیدا بکەن، بۆیە هەر بەبێ دەنگ ماونەتەوە، کەچی بەداخەوە، هەر ئەوانیش بارگرانی ململانێیەکە لە ئەستۆدەگرن. لە ساڵی 2018دا، نەتەوە یەکگرتووەکان سەلماندی، ئافرەت و منداڵ، ڕێژەی 76%لە پەڕاگەندەکانی ناوخۆ پێکدەهێنن، ژمارەی ئەو ئافرەت و کچانەشی، کە ئەگەری کەوتنە بەر ئەو مەترسییە بەرپابووەیان هەیە، بەهۆی جیاکاری جێندەرییەوە، بە 3ملیۆن مەزەندە دەکرێت. هەرچەندە یەک ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو ژمارانە تێپەڕیووە، کەچی دەردەسەری و خراپی ڕەوشیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەوەش بە هەڵکشانی کارەکانی تونددتیژی گرێ دراوە، لەبەرئەوەی میلیشیاکان، سنووربان تێپەڕاندووە و بە زەبری تونددڕۆیەکی کەم وێنە خۆیان سەپاندووە. هەرچەندە ڕەخنەگرێکی زۆر، بیرۆکەی بەشداریکردنی ئافرەت لە گفتوگۆکردن، لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیی، لە بەر پێویستی بەخشینی پێشنۆرە بە کێشەکانی ئاسایش ڕەت دەکەنەوە. کێ دەڵێت، پشتگوێ خستنی ئافرەتانی یەمەن، بە سیفەتی کارایی و بوونی ڕۆڵی بەرچاو لە پێناوی گۆڕانکاریی، سەقامگیری و گەشەکردن، پاڵی بە یەمەنەوە نەنابێت، بەشێوەیەکی تەواو داتەپێت، لە سایەی بوونی ئەوهەموو ئایدۆلۆجیا ئایینیە چەکدارەدا.

ئافرەت و ئاشتی

ژمارەیەکی زۆری تۆێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بەشداریکردنی ئافرەت لە ڕێگەگرتن لە هەڵگیرسانی ململانێ و سازشکردنی، پەرە بە بەرژەوەندی تەناهی دەدات. تۆێژینەوەیەک بۆی دەرکەوتووە، بەشداری پێکردنی ئافرەت و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، لە دانووستانەکانی ئاشتی، دەرفەتەکانی سەرنەگرتنی دانووستانەکان، بە ڕێژەی 64%کەم دەکاتەوە. بە گوێرەی تۆێژینەوەیەکی دیکەشەوە، ڕێژەی زیاتر لە 35% دانووستانەکان، ئەوانەی ئافرەت بەشداریی تێدا دەکەن، بەلایەنی کەمەوە 15 ساڵ بەردەوام بن. هەندێ شیکاریش ئاماژە بەوە دەکەن، بەرزترین ئاستەکانی سازشکردن لەنێوان هەردوو ڕەگەز، پەیوەستە بەدابەزینی مەیل بۆ ململانێکردن، چ لە نێوان وڵاتان، یان لە ناوخۆدا بێت. هەرچەندە دانپێنانی نێودەوڵەتی بە ڕۆڵی ئافرەت لە دابینکردنی ئاسایش زیاتر بووە، کەچی ڕۆڵ هەبوونیان لە پرۆسەکانی ئاشتی و ئاسایش دواکەوتووە. باشترکردنی بەشداریکردنی ئافرەت لە وڵاتێکی وەکو یەمەن، کە بەدەست زنجیرەیەک کێشەی ناوخۆی تێکهەڵکێش دەناڵێنێت، لەوانەیە ڕێگە بۆ هەنگاونانی چڕ بەرەو سەقامگیری بدات، زێدەباری باشترکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بۆ گوزەرکردن لەگەڵ بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 1325کە بە فەرمی دان بە سوودەکانی بەشداریکردنی ئافرەت دەنێت. چەندین شیکاری ئەزموونگەریی سەقامگیری یەمەن لە داهاتوودا، کێشەیەکی گرنگە و پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی هاوولاتییەکانی، کە هاوتای هەمان گرنگییە بۆ ڕاوسێیەتی ڕاستەوخۆیەکانیشی. ئەگەر وای دابنێین، ئاستی بەرزی بەشداریکردنی ئافرەت، بە کردار سەلماندی، بە شێوەیەکی بەرچاو داموددزگاکانی دەوڵەت بە هێز دەکات، پەرە بە گەشەکردنی دارایی دەدات و ئاستی بەرزی هەژاریش دادەبەزێنێت، هەر دەبێت یەمەن، کەلێنی جیاکاری جێندەری نێوان هەردوو ڕەگەز پڕ بکاتەوە، ئەوش پێویستی بە چاکردنی میکانیزمەکان هەیە، دەبێت ڕووبەڕووی ڕاستییەک ببینەوە، ئەوەیش ئەوەیە پێوەرکانی کۆمەڵایەتی هۆزایەتی و باوکایەتی لە یەمەن، فاکتەری سەرەکین و ڕۆڵیان لە دووڕخستنەوەی ئافرەت، لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی و هێزی کاردا هەیە. بۆ نموونە باسی ئەوە دەکەین، گەیشتنی ئافرەت بۆ بازاڕی کار، ڕووبەڕووی هەڤرکی ئەو بۆچوونە باوە بوویەوە، گوایە ڕۆڵی سەرەکی ئافرەت،لە ماڵەوەیە، نەوەکو ئەکادیمیی یان ڕێکخستنی پڕۆژەکان. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، ئافرەتی لە حاڵەتی کەمتەرخەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هیشتووەتەوە، هەر بۆیە ڕەوشی یەمەن، لە چاو وڵاتانی دیکە، ڕەوشێکی خراپە، چونکە لە یەمەن، یەکێ لە کەمترین تێکڕایەکانی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە جیهاندا هەیە، هەر چەندە حکومەتی یەمەن، واژووبشی لەسەر ڕێکەوتنی نەهێشتنی هەموو جیاکارییەک لەدژی ئافرەتدا کردووە.

بەشداریکردنێکی کەم

لە نێوان ساڵانی 2013و 2014دا، ڕووپێوییەک کە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئەنجامی داوە، دەریخستووە، پێش جەنگ، تەنیا 6% ئافرەتان بەشداربیان لە هێزی کاردا کردووە، لەگەڵ پڕکردنەوەی تەنیا 7% پیشەکانیا. دەبێت ئەوەش بڵێین، لە ساڵی 2015وە، ئافرەت لە کۆمەڵگە پەراوێز خراون، بەمەش مەینەتییەکانیان زیاتر بووە، بەهۆی بەرزبوونەوەی دەنگی تونددڕۆیان، ئەوانەی داوای جیاکردنەوەی لێبڕاوە و کۆتایی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکەن. ئایندەی یەمەن تا ڕادەیەکی زۆر، پشت بە چۆنیەتی داڕشتنی بەرپرسیاریەتی پەیامی ئاشتی دەبەستێت، چونکە جەنگ بۆ هەتاهەتایە هەر بەردەوام نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆتایی هاتنی جەنگیش، مانای دروستبوونی شەقامگیرییەی یەمەن بۆ بە پەرۆشە، بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و بووژانەوە پێویستە. تاکو ئەو کاتەی بڕیار بەدەستدان، لەگەڵ ئەو ڕاستییە ئاشت دەبنەوە، بەوەی بەدڵنیاییەوە ئایندەی یەمەن، بەدەست ئافرەتەکانی دەنووسرێتەوە، لەوە دەترسین ئەو گەلە هەژارە، بۆ هەتا هەتایە هەر بەدوای سێبەری خۆی بکەوێت.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: www.elaph.com




مانشێت



سکای نیوز:
بڕیار وایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دۆسیەی تایبەت بە لەسەرکارلادانی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا ئاراستەی لایەنە دادوەریەکانی ئەم وڵاتە بکرێ .



فرانس 24:
پۆلیسی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە باندێک مۆزەخانەی دریسدن گرین فاوڵتی دزیوە و بەهای کەلوپەلی دزراو ملیارێک یۆرۆیە .



ئیلاف :
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.4پلە تیرانای پایتەختی ئەلبانیای هەژاند و زیانێکی گەورەی ماددیی لێ کەوتەوە.



ئەی ئێف پی:
ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە بەنیازی ئەنجامدانی گەڕێکی دیکەی دانوستانە لە نێوان سەرۆکی هەردووک بەشەکەی قوبرس.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
چەند دەزگایەکی تایبەتی ئەلیکترۆنی ئەوروپی ، لە هێرشێکی ئەلیکترۆنیدا توانیان دەزگای ئەعماقی سەر بە ڕێکخراوی داعش تێک بشکێنن.



کەنالی ئار تی :
تۆنی بلێری سەرۆکوەزیرانی پێشووتری بەریتانیا ڕایگەیاند وڵاتەکەی ڕووبەڕووی بێ سەروبەریەکی زۆر بۆتەوە و پێویستە دەستبەرداری بڕیگزت بێ.

گەشتوگوزاری لادێ و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە هەرێمی کوردستان

نادر روستی

گەشتوگوزاری لادێی یەکێکە لە جۆرەکانی گەشتیاری کە لە هەندێک ووڵات سوودی زۆری لێوەرگیراوە و سالانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ لادێکان رادەکێشێت، چونکە تایبەتمەندیەکانی لادێ لە رووی ژینگە و کار و ژیان بوونەتە جێگەی سەرنجی هازاران شارنشین و گەشتیار بە تایبەت ئەو لادێیانەی کەوتوونەتە ناوچە فێنک و شاخاوییەکان، بەڵام ئایا هەرێمی کوردستان تا چەند لەبارە بۆ گەشتیاری لادێ یاخود تاچەند سوودی لەم جۆرەی گەشتوگوزار وەرگرتووە؟



گەشتیاری لادێ چییە؟

لادێکان لە گەڵ شارەکان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە یەکتری جیاوازن، بە تایبەت لە شێوازی ژیان و لە شێوازی بەرهەمهێنان، بۆ ئاشنابوونی هەردوو لا بە یەکتری پێویستیان بە گەشتکردن هەیە، لادێیەکان بەردەوام گەشت بۆ شار دەکەن بەڵام شارنشینەکان بە دەگمەن گەشت بۆ لادێ دەکەن، بۆ ئاشناکردنی لادێ بە شارنشینەکان پێویستە شارنشینەکان گەشت بۆ لادێ بکەن، گەشتەکانیش بە شێوەی رێکخراو بۆ شوێنی ئامادەکراو سازدەکرێن، مانەوەی گەشتیارەکان لە لادێ و پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری بە گەشتیاران، گەشتوگوزاری لادێ پێکدەهێنن.

گەشتیاران بۆچی گەشت بۆ لادێ دەکەن؟

گەشتیار بەردەوام ئارەزوو دەکات شوێنی هەمیشەیی خۆی بگۆڕێ و بۆ ماوەیەک روو لە شوێنی نەبینراو و ئاوهەوا جیاواز بکات، گەشتیار ئارەزووی لە دیمەنی جوان و ئاوهەوای پاک و خواردنی جیاواز و شوێنی ئارام و ئاسوودەیە، گەشتیار دەیەوێت پشوو بدات، چێژ لە یاری و خواردن و مانەوە و کاتبەسەربردن و جوڵە و دیمەنی نەوازە ببینێت، گەشتیار ئارەزووی لە زانیاری نوێ و دۆزینەوە و لە سەرکێشی هەیە، بە شێکی زۆر لە شارنشینان ئارەزو دەکەن شارەزایی ژیانی لادێ بزانن جوتیار و باخەوان چۆن کێڵگەکانیان و باخەکانیان بەرهەم دێنن، ئارەزوو دەکەن شەو بمێنەوە و ڕاستەوخۆ بەرهەمەکان ببینن یان بەکاربهێنن و بیخۆن و چێژی لێوەربگرن، ئارەزوو دەکەن خۆیان مانگا بدۆشن و خۆیان هێلکە و پەنیر و ماست دروست بکەن، خۆیان لە ناوباخ بەری میوە لێبکەنەوە و لە ژێر دارەکان دانیشن و میوەی تازە و نوێ بخۆن، هەموو ئەمانە لە هەندێک لە لادێکان دەست دەکەون بۆیە گەشتیاران لە شارەکان و بگرە لە وڵاتی دوورەوە گەشت بۆ لادێکان دەکەن، هەرچەند دانیشتوانی لادێ ئامادەیی زیاتریان هەبێ بۆ پێشوازی لە گەشتیاران و خزمەتگوزاری باش پێشکەش بکەن ئەوە گەشتیاری زیاتر رووبان تێدەکات و شەوی زیاتر لە لایان دەمێنەوە، لادێیەکانیش سوودی زیاتریان پێ دەگات.

گەشتیاری لادێ لە کوردستان هەیە؟

کوردستان بنەمای زۆر بە هێزی بۆ گەشتوگوزاری لادێ هەیە، بەڵام بە گشتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتادایە بۆیە زۆر کەم سوود لە جۆرەکانی گەشتیاری وەرگیراوە و زۆر کەم کار بۆ پێشخستنی هەندێک جۆری گەشتیاری کراوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری بارودۆخی گشتی و کەمی هۆشیاری گەشتیاری لە لادێکان و تەنانەت لە شارەکانیش کە بتوانن لە یەک کات کشتوکاڵ بکەن و پێشوازی لە گەشتیار بکەن و بەرهەمەکانیان بە گەشتیاران ساغ بکەنەوە. هەروەها کەمی کارمەند و کادری گەشتیاری و ئەکادیمیستی گەشتیاری کە بیرۆکەی نوێی هەبێت و لە رووی تیۆری و پراکتیکی پەرە بە کەرتی گەشتیاری بدات. گەشتیاری لادێ لە کوردستان هەیە بەڵام کەمە و شێوازێکی ناڕوورییانەی وەرنەگرتووە، بۆ نموونە لە وەرزی هاوین بە شێکی هاوڵاتیان بۆ کاتبەسەربردن ڕوو لە خزمەکانیان دەکەن کە لە لادێ نیشتەجێن و بۆ شەوێک یان چەند شەوێک لە لایان دەمێنەوە، گەشتیار لە جیاتی پارە دیاری بۆ مااڵی خزمان دەبات، مااڵی خزمی لادێش بەرهەمی باخ و زەویەکەی دەکاتە دیار بۆ میوانەکەی.

چۆن گەشتوگوزاری لادێ پەرە پێبدەین؟

پێویستە پلانی ستراتیژی بۆ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتیەکان دابنرێ و شوێنە گونجاوەکان دەستنیشان بکرێن.

ئەو لادێ (گوند) و ناوچانەی زۆر لە بارن زەمینەسازیان بۆ بکرێ و لە لایەن حکومەتی لە ڕووی تیۆر و مەعنەوی و مادی یارمەتری بدرێن.

خزمەتگوزاری ڕێگەی هاتووچۆ بۆ ئەو گوند و ناوچانە خۆش بکرێ کە بۆ گەشتوگوزاری لادێ ئامادە دەکرێن.

کۆمپانیاکانی گەشتیاری هانبدرێن گەشتی نوخبەی ڕێکبخەن بۆ ئەو شوێنانەی کە گونجاون لە لادێ، واتە چەند گروپێکی گەشتیار بە تاقیکردنەوە بۆیان ببردرێ بۆ ئەوەی لە ڕووی مادەی لادێنشینەکان سوودمەند بن و پەرە بەخۆیان بدەن.

لە هەر ناوچەیەک چەند خاوەن باخێک کۆبوونەوەیان پێبکرێ و هۆشیاری گەشتیاریان پێببدرێ و کارەکانیان بۆ ڕێکبخرێ.

ڕاگەیاند هانبدرێ گرنگی بەم جۆرەی گەشتوگوزار بدرێ.

بە هەماهەنگی چەند دەزگایەک هەڵمەتێک بۆ پاکردنەوەی گەلی زۆرەگڤان لە بارزان بەڕێوەچوو

ڕاپۆرت/ مسلم دزلەمەری

گەلی زۆرەگڤان لە ناوچەی بارزان یەکێکە لە شوێنە فێنک و دڵ ڕفێنەکانی کوردستان، ساڵانە سەدان گەشتیار ڕووی تێدەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەندێجار بەهۆی هێشتنەوەی پاشماوەکانیان سیمای ئەم سروشتە جوانە و دڵگیرە تێک دەدەن، بۆ ئەم بنکەی گەشتوگوزار میرگەسۆر لە هەفتەی ڕابردوو هەڵمەتێکی پاکردنەوەی بۆ ئەنجامدا، بۆ هەمان مەبەست ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بەهاوکاری ڕێکخراوی گوڵ وسروشت بەبەشداری شارەوانی نزار و کۆمپانیای پاپاگروپ و بەشداری دەیان لاوی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەهەڵمەتێکدا هەستان بە پاککردنەوەی تەواوی گەلی زۆرەگڤان، لەم ڕاپۆرتەدا زیاتر تیشک دەخەمە سەرئەم چالاکییە.

سەفەر سوار بەرپرسی بنکەی گەشتوگوزاری میرگەسۆر گوتی: وەک ئەرکێک بۆ پاککردنەوەی شوێنەکانی گەشتیاری و پاراستنی سروشتی کوردستان و هاوکاری و ئامادەکاری بۆ فیستیڤاڵی شاخەوانی کە لە لایەن سەنتەری بارزان بۆ ژینگەپارێزی و شاخەوانی لە 6و7ی مانگی 12سازەدەکرێ هەڵمەتێکی پاکردنەوەمان لە هەفتەی ڕابردوو لە ڕێگەی تیمێکی 20کەسی ئەنجامدا و توانرا زیاتر لە دوو تەکتەر زبڵ کۆبکرێتەوە و فرێبدرێ.

ئاستۆ کەریم سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ گوتی: بیرۆکەی هەڵمەتی پاککردنەوەی گەلی زۆرەگڤان لە لایەن فۆتۆگرافەران بەرلە مانگێک من دامناوە بۆئەوەی هەم لاوانمان فێری هەرەوەزی بن بۆ بابەتی پاککردنەوەی سروشت و هەم بۆ ئەوەی ئەندامانمان واتە وێنەگرەکان بەشوێنەکان ئاشنابن و وەرزی ئێستا کە وەرزی تێکەڵی ڕەنگەکانە بۆ وێنەگرتن زۆر جوان و گونجاوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو ڕۆشنبیریەی کە پێویستە بۆسروشت بیکەین کەبچوکترین شتە ئەویش فیری پاکاگرتنی بین و بیپارێزین چونکە بەداخەوە کە گەشتیارانمان ڕەچاوی هەموشتێک ناکەن نموونە ئەوەی ئەمڕۆ بینیمان کۆمەڵێ شتی سەرەتاین کە فرێیان داوە وەکو دەبەی ئاو قاپی پلاستیکی و شتی تر سوپاس بۆ برادەران کە توانیمان تا ڕادەیەک ئەمڕۆ گەلی زۆرەگڤان پاک بکەینەوە، هەروەها بەردەوامیش دەبین بۆ ڕاگرتنی ئەو کارە.


سەفەر سوار



ئاستۆ کەریم



تاهیر سالح




ڕامیار دڵشاد



ئەبەز



سەفەر سوار



حەلیمە ڕەشید



ئەنوەر دزلەمەری



ئاستۆ کەریم سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ گوتی: بیرۆکەی هەڵمەتی پاککردنەوەی گەلی زۆرەگڤان لە لایەن فۆتۆگرافەران بەرلە مانگێک من دامناوە بۆئەوەی هەم لاوانمان فێری هەرەوەزی بن بۆ بابەتی پاککردنەوەی سروشت و هەم بۆ ئەوەی ئەندامانمان واتە وێنەگرەکان بەشوێنەکان ئاشنابن و وەرزی ئێستا کە وەرزی تێکەڵی ڕەنگەکانە بۆ وێنەگرتن زۆر جوان و گونجاوە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو ڕۆشنبیریەی کە پێویستە بۆسروشت بیکەین کەبچوکترین شتە ئەویش فیری پاکاگرتنی بین و بیپارێزین چونکە بەداخەوە کە گەشتیارانمان ڕەچاوی هەموشتێک ناکەن نموونە ئەوەی ئەمڕۆ بینیمان کۆمەڵێ شتی سەرەتاین کە فرێیان داوە وەکو دەبەی ئاو قاپی پلاستیکی و شتی تر سوپاس بۆ برادەران کە توانیمان تا ڕادەیەک ئەمڕۆ گەلی زۆرەگڤان پاک بکەینەوە، هەروەها بەردەوامیش دەبین بۆ ڕاگرتنی ئەو کارە.

تاهر سالح ئالکەی سەرۆکی ڕێکخراوی گوڵ و سروشت گوتی: سوپاس بۆ برادەرانی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و بۆ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چونکە ڕێکخراوەکەمان کوردستانیە.

تاهر سالح ئالکەی سەرۆکی ڕێکخراوی گوڵ و سروشت گوتی: سوپاس بۆ برادەرانی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و بۆ شارەوانی نزار و کۆمپانیای پاپا گروپ کە لەگەڵ ئێمە بەشداربون لە هەڵمەتی پاککردنەوەی گەلێ زورەگڤان کە ئامانجمان لەم هەڵمەتە بیر هێنانەوەی ژینگەپارێزی بووە کە کەلتورێکە لەباب وباپیرانمان بۆمان ماوەتەوە.

ڕامیار دلشاد ئەحمەد دانیشتوی شاری سلێمانی بەشداربووی ئەم هەڵمەتە گوتی: من وەکو ئەندامی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ لە شاری سلێمانی لەگەڵ ژمارەیەک لە برادەران هاتوین کە بەهەماهەنگی ڕێکخراوی تر هەستین بە پاککردنەوەی سەیرانگەی گەلی زورەگڤان، من یەکەم جارە بێم بۆ ئەم دەڤەرە بەراستی ناوچەیەکی دڵڕفێن و خۆشە بەتایبەتی گەلی زورەگڤان زۆر دڵگر و جوانە، بەڵام بەداخەوە کە گەشتیاران نەیان پاراستوە و پیسیان کردووە بۆیە داواکارم کە ڕێز لە ژینگە بگرن و بیپارێزن چونکە بەراستی زۆلمە ئەم شوێنە دڵڕفێنانە پاشماوەی لێبێت.

حەلیمە ڕەشید عوسمان وەکو لاوێکی دەڤەری بالەکایەتی گوتی: من وەکو کچێکی دەڤەری بالەکایەتی لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بەشداری هەڵمەتی پاککردنەوەی گەلی زورەگڤانم کردوە، شوێنێکی گەشتیاری سەرنجڕاکێش و پڕ لە جوانیە، بەڵام بەداخەوە وەکو زۆربەی شوێنە گەشتیاریەکانی تری کوردستان ئەم شوێنەش نەپارێزراوە بۆیە ئەمڕۆ ئەم هەڵمەتەمان ڕاگەیاندووە و هەستاین بەپاککردنەوەی ئەم سەیرانگە دڵڕفێن و جوانە.

ئەبەز ڕەشاد حەمە بەرپرسی هەولێری ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ گوتی: ئەم بیرۆکەیە لەلایەن سەرۆکی ڕێکخراوەکەمان کاک ئاستۆ دانراوە، ئەمڕۆ سەردانی گەلێ زورەگڤانمان کردووە لەپاڵ کاری وێنە گرتمان هەستاین بە کۆکردنەوەی ئەو پاشماوانەی کە بەداخەوە گەشتیاران بەجێیان هێشتوە بۆیە داواکارم کە هەندێ ڕینەمای تایبەت و سزا دابنرێت بۆئەوانەی کە پاشماوەکانیان لەشوێنە گەشتیاریەکان جێدێڵن.

لەکۆتایدا ڕوەند سەعید کاکە شێخ بەشداریەکی هەڵمەجەی شەهید گوتی: دڵخۆشم کە وەکو لقی هەلەبجەی کوردستان فۆتۆ هاتومە ئەم دەڤەرە بەگشتی و گەلی زورەگڤان بەتایبەتی چونکە بەراستی شوێنێکی تابلێتی دڵگر و دڵڕفێنە بۆیە بەشداربوونمان لەم هەڵمەتە گرنگ بوو چونکە هەم وێنەی جوانمان گرت و هەم توانیمان تاڕادەیەک ئەم سروشتە جوانە لە پاشماوەکان پاکبکەینەوە.

ئەنوەر دزلەمەری سەرۆکی سەنتەری بارزان بۆ ژینگەپارێزی و شاخەوانی گوتی: دەستی هەموو لایەک خۆش بۆ ئەم کارە جوانە، ئێمەش ئامادەکاریمان تەواو کردووە بۆ سازدانی یەکەم فیستیڤاڵی شاخەوانی پایز لە گەلی زۆرەگڤان لە ڕێکەوتی 6و 7/12/2019بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە گروپی شاخەوانی چەندان چالاکی لە فیستیڤالەکە پێشکەش دەکەین، هاتن بۆ هەموانە بەڵام مەرجەکانی بەشداربون ڕاچاوبکەن.







سەردار ئیسماعیل: جێگای خۆشحاڵییە کە سەنتەرە وەرزشییەکان لە زیاد بووندان بەڵام بە داخەوە راهێنەرەکانیان ئەکادیمی نین

خەبات: سوڵێمان

سەردار ئیسماعیلی پاڵەوان و راهێنەری لەشجوانی و خاوەنی بڕوانامەی نێودەوڵەتی لە راهێنان و ماستەر کە لە بواری خۆراکی لە وڵاتی کەنەدا بەدەستهێناوە، هەروەها یەکەم نووسەری کتێبی وەرزشی بووە بە شێوەیەکی ئەکادیمی بە ناوی (لەشجوانی) لە ساڵیـ٤، بەچاپی گەیاندووە، سەردار لە ساڵی ـ٦ لە شاری کۆبە لە دایک بووە، سەرەتای دەسپێکردنی بۆ تەمەنی ـ ساڵی دەگەڕێتەوە کە سەرەتا بە یاری تایکواندۆ دەستی پێکرد، بە هۆی ئەوەی زۆر سەرسامی ئەکتەرە بەناوبانگەکانی وەک ڤاندام و رامبۆ و پاڵەوانەکانی تر کە لە فیلمە ئەکشنەکاندا دەیبینی، ئەمانە هۆکارێک بوون وایان لێ کرد کە دەست بەو یارییە بکات و ببێتە خاوەنی لەش و لارێکی ڕێک.

سەردار ئیسماعیل دوای ماوەیەکی کەم توانیویەتی لە پاڵەوانێتیە ناوخۆ و سەرئاستی جیهانیە جۆراوجۆرەکان بەشدار بێت، لەمبترەیەوە دەڵێت: لە ساڵی ـ بەشداربووم لە پاڵەوانێتی جیهانی کەلە وڵاتی میسر لە شاری قاهیرە کرا توانیم پلەی یەکەم بەدەست بێنم ، و لە پاڵەوانێتەیەک لە شاری ڤینیسای ئیتاڵیا پلەی یەکەمی یەکەمەکانم بە دەستهێنا ، و دوا پاڵەوانێتیم کە تێدا بەشداربووم ساڵی ـ٦ لە پاڵەوانی کە دایمۆند واتە کۆپی ئەڵماسی جیهانی لە یۆنان پلەی یەکەمم بەدەستهێنا ، لە دوای ئەمە وازهێنانی خۆم لە پاڵەوانیتیەکان راگەیاند.

سەردار ئیسماعیل لەبارەی هۆڵە وەرزشییەکاندا دەڵێت: جێگای خۆشحاڵییە کە سەنتەرە وەرزشییەکان لە ئیستادا ژمارەیان بەرەو زیاد بون دەچن ، بەڵام بە داخەوە راهێنەرەکانیان ئاستیان نزمە و ئەکادیمی نین، گوتیشی نابێت ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دڵیان هەیە ئەو جۆرە وەرزشە بکەن یان ئەو کەسانەی نەخۆشی گورچیلەیان هەیە چونکە زیان بە گورچیلەیان دەگەیێنێت، دەبێتە هۆی ماندووبوونیان، ئامۆژگاری ئەو بۆ وەرزشوانانی ئەو جۆرە یە بە چوار فاکتەری سەرەکی دیاری دەکات دەڵێت: یاری کردن بەهۆی ئەو یاری کردنە زۆرترین ڕێژەی خوێن بۆ ماسولکەکان دەچێت، خۆراک کە فاکتەرێکی سەرکییە چونکە ئەگەر جۆری خۆراک نارێک بێت ناتوانرێت ماسولکەکان بەهێز بکرێن، خەوتن پێویستە لە ـ کاتژمێر کەمتر نەبێت، کۆتا فاکتەریش لایەنی دەروونییە کە نابێت لایەنی دەروونییەکەی ناجێگیر بێت چونکە زیانی هەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێت: بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە یارییە دەکەن بە تایبەتی گەنجان دوور بکەونەوە لە بەکارهێنانی مادەو وزە بەخشەکان ، چونکە ئەوەی تێبینیم کردووە ئەو ستافانەی کەلە هۆڵەکاندا وەک راهێنەر کاردەکەن ، خێرا پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هۆرمۆنە دروست کەرەکان بۆ ئەوەی بە خێرایی ماسولکەکان گەورە بکرێت و بێگومان ئەمەش زیانێکی زۆری هەیە، تەنها بە یارییەکی تەندروست و خۆراکێکی تەندروست دەتوانی ببیە خاوەنی لەشەو لارێکی ڕێک.



ئەمڕۆ کاروانی خولی پلەیەکی کوردستان دەستپێدەکات چەمچەماڵ و شەقڵاوە رووبەرووی یەکتردەبنەوە، ئاسۆش میوانداری ئاشتی دەکات

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین


ئەمڕۆ چوارشەممە 2:30 خولەک لەیاریگاکانی کوردستان، شەش یاری گرینگ لەگەڕی یەکەمی خولی یانەپلەیەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێ بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دەستپێدەکات.

لەگرنگترین یاریشدا لەیاریگای یانەی وەرزشی ئاسۆ، یانەی ئاسۆ پێشوازی لەیانەی ئاشتی دەکات، ئاسۆ ئەم وەرزە بەچەندین یاریزانی تازە تیپەکەی خۆی تاقی دەکاتەوە، بۆ ئەمڕۆش یانەی ئاسۆ بەپلانی بردنەوەو بەدەستهێنانی 3خاڵی یاریەکە بەرانبەر ئاشتی دەچەنگێت، ئەم وەرزە یانەی ئاسۆ بەتیپێکی بەهێز و توکمە بەشداری لەخولی یانەپلەیەکەکانی کوردستان دەکات ، ئاسۆ ئەمسااڵ هیوای سەرکەوتنە بۆ ڕێزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان ,ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە هەر لەیاریگای وەرزشی چەمچەماڵ، یانەی چەمچەماڵی خاوەن یاریگاو خاوەن هاندەرێکی زۆر میوانداری لەیانەی شەقڵاوە دەکات، شەقڵاوە بەسەرپەرشتی سەرۆکی یانەکە فەرهاد خەیات ئەم وەرزە دەیەوێت بەهەر نرخێک بێت لەیاریەکاندا براوە بێت و خۆیان بگەیەننە ڕێزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان،لەبەرانبەردا یانەی چەمچەماڵی خاوەن یاریگاو هاندەر ئەمانیش هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لەنێو یاریگای خۆیدا 3 خاڵی یاریەکە لەدەست نەدات و شکست بەتیپی میوان بهێنێت و هەروەها ئەنجامی یاریەکە لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی بهێنێت.

پێویستە بگوترێ ئەم وەرزە خولی یانەپلەیەکەکانی کوردستان، خولێکی بەهێز دەبێت لەنێوان یانەکان، بەتایبەتی یانەکانی شەقڵاوە و کۆیە و ئاسۆ ڕکابەری لەسەر سەرکەوتن بۆ ڕێزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان دەکەن ، بەڵام هیچ پێشبینیەک ناکرێت و تیپی بەهێز و تیپی بێ هێز دەرناکەوێت تا چەند گەڕێک لەیاریەکان بەڕێوەدەچێت.

ئەمڕۆش ئەم یارییانە ئەنجام دەدرێت:
هەڵۆ – ئالتون کۆپری
هەڵەبجەی شەهید– سەید سادق
خانەقین – کۆیە
ڕزگاری – ئاکرێ
یانەی خاک (چاوەڕوانە)

ناوبژیوانانی یاریەکانی ئەمشەوی یانە پاڵەوانەکان



یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپی ڕایگەیاند کە کلیمینت تۆرپینی ناوبژیوانی فەرەنسی یاریەکەی ئەمشەوی نێوان بەرشلۆنە و دۆرتمۆند بەڕێوەدەبات.

لەلایەکی دیکەوە فلیکس تسفایەری ناوبژیوانی ئەڵمانی یاریەکەی نیوان ڤالانسیا و چێلسی بەڕێوەدەبات، کارلۆس دیل سیرۆ گراندی یاریی لیڤەرپوول و ناپۆلی هەورەها خیسۆس مانزانۆ یاریی نێوان لایپزیگ و بەنفیکا بەڕێوەدەبات، کە ئەو یاریانە لەمیانی یاریی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوەدەچن.

سەبارەت بەیاریەکەی ئەمشەویان دیمبلی لەخاڵی بەهیزی دۆرتمۆند هۆشداری دەداتە بەرشلۆنە

عوسمان دیمبلی فەرەنسی و لابالی یانەی بەرشلۆنە هۆشداری دایە یانەکەی لە زەحمەتی ڕووبەڕووبونەوەی یانەی دۆرتمۆند کە ئەمشەو لەمیانییاریەکانی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوەدەچێت.

دیمبلی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی گوتی: لەڕۆژانی داهاتوو چەند یارییەکی گرنگمان هەیە، لەوانە یەکەمیان بەرامبەر بروسیا دۆرتمۆند و دواتر بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، بۆیە دەبێ تەواو ئامادەبین بۆ ئەو یاریانە، هەروەها گوتی: پێویستە لە دۆرتمۆند ببەینەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکەین، کە ئەمە گرنگترین ئەرکی بەشی یەکەمی ئەو وەرزەمانە، بۆیە پێویستیمان بە پاڵپشتی جەماوەرە تا سێ خاڵەکە بەدەست بهێنین و بە ئارامی بچینە یاریگای ئینتەر میلان.

دیمبلی زیاتر دەڵێت: زەحمەتە لەناو کامپ نو بدۆڕێنین، چونکە یاریزانی خاوەن ئاست بەرزمان هەیە، خاوەن میژوویەکی گەورەین، و جەماوەرێکی زۆریش پشتیوانمانن، بۆیە هەموو کات ویستومانە لەناو کامپ نو جوانترین ئاست پێشکەش بکەین، هەروەها دەڵێت: هەموجار یاری کردن بەرامبەر دۆرتمۆند تایبەتمەندی خۆی هەبووە، زۆربەی هاوڕێکانم لەو یانەیە یاری دەکەن، بۆیە پێم وایە بەرکابەرێکی سەرسەختی حۆزمانی دەزانین، پیویستە لە خاڵی بەهێزی ئەو یانەیە ئاگادار بین.

مۆرینهۆ: ئەوەی هاری کەینی هەبێ پیویست ناکات بیر لە هێرشبەرێکی دیکە بکاتەوە





ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئینگلتەرا بڵاویان کردەوە کە خۆزی مۆرینهۆی ڕاهێنەری تازەی یانەی تۆتینهامی ئینگلیزی دەیەوێ بەهێرشبەرێک، ریزی پێشەوەی یانەکەی بەهێز بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سویدی یەکیکە لەپاڵێوراوە بەهێزەکانی مۆرینهۆ.

مۆرینهۆ لەوەڵامی ئەمەدا هاتە دەنگ و گوتی: مەحاڵە زلاتان بینمە یانەکەمەوە، ئەگەرچی پەیوەندییەکی باشیشم لەگەڵیدا هەیە، بەڵام ئێمە یەکێک لە باشترین هێرشبەرانی ئینگلتەرامان لەریزدایە، بۆیە هیچ مانایەکی نابێت بە بوونی هێرشبەرێکی وەک هاری کاین بیر لە هێرشبەریکی دیکە بکەیتەوە.

هەروەها مۆرینهۆ زیاتر گوتی: نەوەک تۆتینهام، بەڵکو هەر یانەیەکی دیکە هێرشبرێکی وەکو هاری کاینی هەبێت پیویست ناکات بیر لە هێرشبەرێکی دیکە بکاتەوە

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 27. Nov. 2019 No: (5880)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هەڵمەتی واژووکردن بۆ دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگەی کوردستان دەستپێکرد



خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

ڕێکەوتی 25/11/2019 دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، کەمپینێکی ڕاگەیاندووە بەمەبەستی کۆکردنەوەی واژۆ لە هەرێمی کوردستان کە هەموو چین و تۆژەکان دەگرێتەوە، تێدا داوا لە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسی و حکومی و نا حکومی و دەزگا و ڕێکخراوە بیانییەکان کراوە، کە واژۆ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی /20 10هەموو ساڵێک بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی میژوویی بوو بۆ گەلی کورد کە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەم ڕۆژدا بەرگرییەکی بەهێزیان لە خاکی پیرۆزی کوردستان کرد، بە جۆرێک لە هەموو پیلانگێڕی و کارێکی نەخوازراو پاراستیان. پێشمەرگە مافی ڕەوای خۆیەتی ئەو ڕۆژەیان بۆ بکرێتە ڕۆژی پشووی گشتی لە کوردستان، کە قوربانی زۆریاندا و داستانێکی قارەمانانەیان تۆمارکرد. ئیمە پێویستمان بە سەت هەزار دەنگە لە دوای کۆکردنەوەی دەنگەکان کە کلیشەی تایبەتمان دروست کردوە دوای ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، کە بریاری خۆیان لەسەر بدەن مەرجی دەنگدان هەموو کەس دەتوانی واژۆ بکات بەو مەرجەی تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نە بێت.

دەرهێنەر زمناکۆ زەنگەنە: هۆکاری ماددیی و سپۆنسەر بۆتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی دراما و فیلمی سینەمایی کوردی



دیانە: پەریها عومەر

(زمناکۆ هیدایەت زەنگەنە) لە دایکبووی چەمچەماڵەو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و لە ساڵی 1998 وەکو ئەکتەر بەشداری لە چەندین کاری شانۆیی و دراماو سینەما کردووە، وەک یاریدەدەری دەرهێنەریش کاریکردووە، بەشداری لە درامای (نیشتمان) وەکو ئەکتەری سەرەکی دەوری هەبووە دواتر لە ساڵی 2007 دەستیکردووە بە کاری دەرهێنان یەکەم کاری فیلمی (چارەنووس) بووە.


(نامرین) تازەترین کاری زمناکۆیە

(نامرین) کارێکی نیشتیمانیەو باس لە هەموو شۆڕشەکانی گەلی کورد دەکات و هەروەها باس لە ئازارو نەهامەتی و شاڵاوەکانی ئەنفال و تاقانەکانی ئەنفال دەکات و لە زاخۆی دەڵالەوە دەست بە کاری وێنەگرتن دە کەن لە کەرکووکی دڵی کوردستان کۆتایی پێدێنن.

*** هۆکار چییە فیلم لە کوردستان لە ئاستێکدا وەستاوە ئایا قەیرانی دەرهێنەر هەیە؟ یان پشتگیری ماددی و سپۆنسەر ناکرێن؟**

هۆکار نەبوونی ماددەیەو هیچ کەسێ سپۆنسەر ناکات بۆ کاری هونەری بۆیە لە ئاستێکدا وەستاوە پێموانیە قەیرانی دەرهێنەر هەبێ لەبەرئەوەی دەرهێنەری زۆر بە ئەزموون و شارەزامان هەیە بەڵکو هۆکارەکە ماددیەو سپۆنسەر بۆتە ڕێگر لە پێشکەو تنی دراماو فیلمی سینەمایی هیوادارم ئاوڕی جدی لە لایەنی هونەری بدەنەوە بۆ بەرەوپێشبردنی کاری دراماو سینەمای کوردی.

ڕووسیا بایکۆتی پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون دەکات



هەمزە سەرحان: ئاناستاسیا پیلیاک بەڕێوەبەری پێشبڕکێی "شاجوانی ڕوسیا" ڕایگەیاندووە، ڕوسیا بەشداریی لە پیشبڕکێی "شاجوانی گەردون" ناکات کە لە ئەمەریکا بەڕێوەدەچێت، چونکە چوونە ناوەوەی پێشبڕکێکە مەرجی قورسی بۆ دانراوە.پیلیاک بە ئاژانسی نۆڤۆستی وتووە، بەڕێوەبەری پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردون لە دیاریکردنی شوێن و کاتەکەی بۆ ئەمساڵ دواکەوتووە.وتیشی "بەداخەوە بۆ ئەمساڵ بەهۆی قورسی مەرجەکانەوە ناتوانین بەشداری لە پیشبڕکێکەدا بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێکی کەمان لەبەردەستدایە بۆ ئامادەکاریی"، لەگەڵ ئەوەشدا گروپە ڕوسییەکە پێداگربوون کە ئەمساڵ بەشداریی نەکەن.ئاماژە بەوەکراوە، ئالینا سانکۆ کە نازناوی شاجوانی ڕوسیای بۆ ساڵی 2019بەدەستهێناوە، بەشداری شاجوانی جیهان دەکات، کە وابڕیارە لە ١٤ی کانوونی یەکەم دەستپێبکات.

لە میسر پەیکەر و مۆمیای پشیلە دۆزرایەوە

لە هەڵکەندنی شوێنەوارێکدا لە میسر چەند پەیکەرێک و مۆمیایەکی پشیلە دۆزرانەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکان.

وەزیری شوێنەوارە میژوویەکانی میسر خالد ئەلعەنانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شوێنی کۆڵینەوەکانی سەقارا لە شاری جیزە ڕایگەیاند، شوێنەوارگەلێکیان دۆزیوەتەوە کە گەورەییەکەی بۆ دروستکردنی موزەخانەی سەردەمی فیرعەونەکان دەشێت.ئەلعەنانی، گوتی لە هەڵکەندنەکاندا 75پەیکەری قەبارە جیاوازی پشیلەیان دۆزیوەتەوە کە لە دار و برۆنز دروستکراون و لەناویاندا پشیلەی مۆمیاکراو دانراوە و بە نووسینی هیرۆگلۆفی نەخشێنراوە لەناو 25 سندوقدا.

هەروەها وەزیری شوێنەوارە میژوویەکانی میسر، ڕایگەیاند پێنج لەو سندوقانە مۆمیای پشیلەی گەورەی تێدابووە و لەیەکەم ووردبوونەوەدا بۆچوونی ئەوە هاتە ئاراوە کە ئەو دوو مۆمیایە، مۆمیای بێچووە شێر بن.

